خزمەتگوزارەکانی کۆشکی سپی

## ناسنامەی کتێب

ناوی کتێب: خزمەتگوزارەکانی کۆشکی سپی
نووسینی: کیت ئەندرسون بروور
وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: موحەممەد ئەمین
وەرگێڕانی بۆ کوردی: شێرزاد هەینی
نەخشەسازیی : هونەر عوسمان
قەبارە : (١٣*١٩)، ٨٤ لاپەڕە
نۆبە و ساڵی چاپ: چاپی یەکەم/ ٢٠١٩
شوێنی چاپ : ناوەندی سارا _ سلێمانی
تیراژ: ٥٠٠ دانە
نرخ : ٢٠٠٠ دینار

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردن (      )ی ساڵی ٢٠١٩ ی پێدراوە

خزمەتگوزارەکانی کۆشکی سپی

ناوەندی سارا
بۆ چاپ و بلاوکردنەوە
سلێمانی_بازاڕی ئاوباریك
٠٧٥١ ٥٣٨ ٣٥٠٥

SARA CENTER
BookShop - prenting - cafe

# پێشەکی

کتێبـی خزمەتگوزارەکـانی کۆشـکی سـپی، بەشـێکی ژیـانی نـاوەوەی ئەو دامەزراوە زۆر گـرینگەی ویـلایەتە یەکگرتووەکـان بـــاس دەکـــات، چـــۆن بـــالاترین دەســـەلاتداری ئەو وڵاتە و خێـزانەکەی، مـامەلە لەگەڵ فەرمـانبەرە بچـووک و کرێکـار و شـوفێر و تەبـاخ و خزمەتگوزارەکـان دەکەن. کتێبەکە بـریتییە لە چەندین بەڵگەنامە و گەواهی و سەربردەی ناو کۆشـکی سـپی لە سـەردەمی سـەرۆکە گرینـگ و دیارەکـانی ئەمریکـا، لە ئیبراهـام لنیکـولن تـا بـاراک ئوبامـا، لە ئایزنهـاور و کینیـدی و لینـدون و جۆنسـۆن و جیمـی کـارتر و جـۆرج بۆشـی بـاوک و کـورٍ و بیـل کلینتـۆنەوە. کتێبەکە پەردە لەسـەر لایەنە تایبەتییەکـانی خەڵـکە کارکەرەکـانی نـاو کۆشـکی سـپی هەڵـدەداتەوە، بەتـایبەتی فەرمـانبەرە پۆسـت نزمەکـان، زۆربەیـان رەشپێسـتن و بـۆ کـارکردن هـاتونەتە نـاو کۆشـک، نەک لەبەر ئەوەی رەشپێسـتن، بەڵکـو بـۆ کەمکـردنەوەی مەسـرەفەکان، چـونکە ئەوان موچەیـان لەچاو خەڵکە سپیپێستەکان کەمترە.

نووسـەری کتێبەکە کیـت ئەندروسـون بـرور لەسـاڵی ١٩٨٠ لەدایکبـووە، نووسـەری نـاو کۆشـکی سـپییە، لە چەنـدان رۆژنامەکان وتاری هەیە. ئەو سێ کتێبی لەسـەر کۆشـکی سـپی نووسینە، یەکەمیان "The Residence" ساڵی چاپکراوە٢٠١٥، تـایبەتە بە کەسـەکانی خزمەتگـوزاری نـاو کۆشـک کە زۆرتـرین

بازاڕی فرۆشتنی هەبووە. کتێبی دووەمی "First Women" ساڵی ٢٠١٧ چاپکراوە خاتوونەکانی یەکەمی ناو کۆشک و دەسەڵاتیان. کتێبی سێیەمی"Frist Line" ساڵی ٢٠١٨چاپکراوە، کتێبەکە تایبەتە بە دەسەڵاتی جێگرەکانی سەرۆک و دەسەڵات و پاشەرۆژیان.

شێرزاد هەینی
ستۆکهۆلم
٢٠١٩

# دانانی سەرۆک ڕۆژە سەختەکەیە

لە مانگی ینایر، چوار ساڵ، یان هەشت ساڵ جارێک دەسەڵات لە کۆشکی سپی لە سەرۆکێک دەگوازرێتەوە سەرۆکێکی تر، هەزارەها ئەمریکی بۆ بەشداربوون لەو بۆنە گەورەیە روو لە واشنتۆنی پایتەخت دەکەن.

بۆ سازکردنی ئەو ئاهەنگە ئارامە، کاروبار و بەردەستی لۆجیستی ئاڵۆز و گەورە ساز دەکەن، گواستنەوەی دەسەڵاتەکە بە جوانی و نەرمی و ئەتەکێتی نائاسایی دەکرێت، لەو بۆنەیە کەسانی بە ئەزموون و دەستەی راوێژکاری زۆری ناو کۆشکی سپی کارەکە رادەپەڕێنن، لەبەیانی زووەوە رۆژی دانانەکە، هەموو شتەکان دەستپێدەکات، بەیانی زوو و لەگەڵ کازیوە هەموو دەستە و راوێژکارەکان دەردەکەون، بەتەواوبوونی بۆنەکە مێژوو و سەردەمێکی نوێ لە ویلایەتە یەکگرتووەکان دەستپێدەکات.

سەرۆکی کات بەسەرچووەکە، هەتا نیوەڕۆ دەسەڵاتی لەناو کۆشکەکە دەمینێت، ئینجا پاش دەستبەکاربوونی سەرۆکە نوێیەکە، دەسەڵاتی نوێ پیادەدەکرێت، سەرۆک ئاهەنگێکی سادەی پێشوازی بۆ سەرۆکە نوێەکە سازدەکات، لەودەمانە فەرمانبەرەکانی کۆشکی سپی، ئەرک و فەرمانیان زۆرە و سەرقاڵ دەبن، چونکە رۆژانی ئاسایی لە خزمەتی تەنها چوار هەتا هەشت کەس دەمینێنەوە، لەناکاو رووبەڕووی خێزانێکی

نویٚ دەبنەوە، هیچ لە ئاکار و رفتاریان شارەزا نین، زۆرجاریش بۆ بەڕێکردن و ماڵئاواییەکان، لە ساتە سۆزدارییەکان فرمێسک دەرژێت و بێدەنگ و سامگرتوو دەبن.

❊❊❊❊

# کاتی رامان نییە

سـەرۆکی فەرمانبەرەکـان کریسـتین لیمریـک، سـاتی هـاتنی خێزانی بیل کلینتۆن لەگەڵ تشیلسی کلینتۆنی کیژی لەبیرە، پاش دانـــانەکەی لە ســـاڵی ٢٠٠١، کە هـــاتنە نـــاو کۆشـــکی ســـپی، وتوویەتی:

هەستم بە سۆزێکی ئارام کرد، بەرامبەر سەرۆکە نوێیەکە. کە سەیری چاوەکانی هەموومانی دەکرد وتی:

سوپاس بۆ هەمووتان!

هەموومـان هەسـتمان بە کـامەرانی کـرد. لەکـاتی ماڵئـاوایی سـتافی کارکەرەکـانی نـاو کۆشـک، دیـاری دەدەنە خێزانـی سەرۆک، کە بریتییە لەو ئاڵایەی رۆژی وەرگرتنی پۆستەکەیان لەسەر کۆشک بەرزی دەکەنەوە، ئاڵاکە لەناو سەندوقێکی جوان دادەنرێت. لە ساڵی ٢٠٠١ ستافەکە بالیفێکی پڕکراو لە پارچە قوماشی تایبەت بە رازاندنەوەی  ژوورەکانی ناو کۆشکی سپی دەدەنە هیلاری کلینتۆن. بواری رامان و بیرکردنەوە نەمابوو، سـەعات یـازدەی بەیـانی خێزانـی سـەرۆکە کـۆنەکە دەڕوات و خێزانی سەرۆکە نوێیەکەش دەگەنە پایتەخت، هەتا ئەودەمانە و تا سەعات پێنجی ئێوارە، کاتی گەیشتنی سەرۆک و خێزانەکەی دەکەن. ستافەکە ئیشدەکەن بۆ بەڕێکردنی سەرۆکە کۆنەکە و پێشوازیکردنی سەرۆکە نوێیەکە. لەو ساتە دەگمەن و ناسکەدا، واشنتۆن و هەمـوو جیهـان چاویـان لە باڵەخـانەی کۆنگرێسـە،

ستافەكەی ناو كۆشكیش هەست بە كامەرانی دەكەن، چونكە هەموو نیگا و دیدەكان دوور لە زانین و دیتنی چالاكی ستافەكەی ناو كۆشكەكە، سەربەستانە ئیشدەكەن بۆ سازكردنی بەرنامەكان.

*****

# شەش سەعات

بۆ گواستنەوەی کەلوپەل و ناوماڵی سەرۆکە ڕۆیشتووەکە و هێنـــانی کەلـــوپەلی ســـەرۆکە نـــوێیەکە، نـــاکرێ بـــۆ یەک ڕۆژ دەستەیەک کرێکار داوا بکرێت ئەو ئیشە بکەن، بۆیە کارمەندانی ناو کۆشکی سپی، تەنها بە شەش سەعات و لەماوەی یەک ڕۆژ بەخۆیان کارەکە گورجوگۆڵ ڕادەپەڕێنن.

سەرپەرشـــتیاری گـــرووپەکە، تـــۆنی ســـاڤوی ڕۆژی دانـــانی ســـەرۆک بە ڕۆژێکـی گرینگـی پیشـەیی خـۆی دەزانێـت، هـاتنی لۆرییەکانی گواستنەوە لە دەرگا تایبەتییەکان لەژێر سەرپەرشتی ئەو دەبێـت، لە دەرگـای تـایبەتییش، لـۆری و بـاری لۆرییەکـانی بردنە دەرەوەی کەلوپەلی سـەرۆکی پێشـووش بەڕێدەکرێن، لەو پرۆسـەیە ژمـارەیەکی زۆری کرێکـار و ئەنـدازیار و دارتـاش و کارەبایی و پسپۆڕانی ئامێرە کارەباییەکان بەشداری دەکەن. لەو شـەش سـەعاتەی نێـوان هـاتن و ڕۆیشـتنی سـەرۆکەکان، دەبـێ گرووپـی کارکەرەکـان دووبـارە کۆشـکی سـپی سـازبکەنەوە، هەموو شتەکان لە نووسینگەکان لە شـوێنی خۆیـان سـازبکەنەوە و دیکۆرەکان بگونجێنن و فەرمـان و ویسـتی سـەرۆکە نوێیەکە جێبەجێ بکەن. بەپەلە هەموو جانتاکان ڤالا بکەن و کەلوپەلەکان لە شـــوێنی تـــایبەتی خـــۆی دابنێـــنەوە، تـــاخمی گـــرووپەکە زۆر زانایانە وردەکاری دانانی هەموو شتەکان ڕادەپەڕێنن، تـا دەگـاتە ئەوەی فڵچەکانی ددان شووشتن لە گەرماوەکانیش دادەنێنەوە.

# سەردانی یەکەمی هیلاری کلینتۆن

لە سـاڵی ٢٠٠١ی زاینـی پـوب سـکانلان لە ڕێورەسـمی گواستنەوەی نێوان بیل کلینتۆن و جۆرج بۆشی کوڕ ڕۆڵی سەرەکی بینیوە، دەڵێت لەوەیان کارەکان بەئاسانی بەڕێوە دەچێت، چونکە ئەوان شوێنەکەیان باش دەزانی. جۆرج بۆش لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی باوکی سەردانی کۆشکی سپی کردبوو. گرووپێکی گەورە لە فەرمانبەران هاوکاربوون لە یارمەتیدانی بنەماڵەکە. بیل کلینتۆن ڕاستییەکی باشی دەزانی کە بۆشی کوڕ، شوێنی هەموو کلیلە تایبەتییەکانی گەنجینە و دۆلابەکان شارەزا بوو، بەڵام ئەو خۆی بەر لەوەی ببێتە سەرۆک دووجار، لە دوو بۆنەی جیاواز سەردانی کۆشکی سپی کردبوو، یەکێکیان هێشتا هەرزەکار بووە، لەوێ لەتەنیشت سەرۆک جون کینیدی وێنەیەکیشی گرتووە، دووەم جاریش لە ساڵی ١٩٧٧ بە میوانی سەرۆک جیمی کارتر سەردانی کۆشکی سپی کردبوو.

# سەختی ماڵ گواستنەوە

سەرۆک ئۆباما گواستنەوەی ماڵەکەی بۆ کۆشکی سپی لەو سەردەمە نوێیە، بە سەخت و دژوارترین گواستنەوە زانیبوو، ئەو لەناو ماڵەکەی خۆی لە شیکاگۆوە دەگوازێتەوە، تێدا ژنێکی خزمەتگوزاری هەردوو کیژەکەشی لەگەڵ دەبێت، بۆیە کارەکە بەماریانی دایکی میشیل ئۆباما دەسپێرن، چونکە ئۆباما وەک سەرۆکەکانی پێشوو، کلینتۆن و بۆشی کوڕ پارێزگار نەبووە، ئەو جۆرە ژیانەی نەدیبوو، بۆیە ماڵ گواستنەوەکەی کاتێکی زۆری ویستووە، تا خێزانەکە لەگەڵ دۆخە نوێیەکە دەگونجێن. لە رۆژی ٢٠ی ینایری ساڵی ٢٠٠٩ی زاینی، نزیکەی یەک ملیۆن و ٨٠٠ هەزار ئەمریکی لە کەشێکی ساردی چەند پلە لەژێر سفرەوە، بۆ دیتن و بەشداربوون لە دانانی یەکەم سەرۆکی ئەمریکی بەڕەچەڵەک ئەفریقی ئامادەدەبن، ئەوەش نەک بە ژمارە زۆرترین بەشداری بووە، بەڵام گەورەترین پێشهات و رووداویش بووە لە پایتەختی ئەمریکا.

# وتارێکی سەرنجراکێش

ئەمریکییەکـان بـۆ یەکەمجـار، لە سـاڵی ٢٠٠٤ی زاینـی، کە بـاراک ئۆبامـا دەبێـتە ئەنـدامی ئەنجـومەنی پیـران لە هەرێمـی ئـایلینوی لە کـۆنگرەی نەتەوەیـی حزبـی دیموکراسـی گوێیـان لە وتاری ئەو ببوو، لەودەمـانە هەستیان بە بەهـرەی وتـاردانی ئەو دەکەن، بـۆیە بەشـێوەی موشـەک بەرزدەبێـتەوە و بەئاسـانی و زووش دەگاتە کۆشکی سپی.

بەر لە هەشـــت مانــگ، لە کۆتـــایی هـــاتنی هەڵبـــژاردن و ململانێیەکەی نێوان باراک ئۆباما و جۆن مـاکین، تـاخمەکەی نـاو کۆشکی سپی سـەرقاڵی گۆڕانکارییەکـان بـوون، ئاسـانیش نەبـوو بـزانن کـێ لەو دوو کاندیـدە دەگەنە نـاو کۆشـکی سـپی، گەورە بەرپرسی رابەرەکانی ناو کۆشکی سپی گـاری وولتـرز، زانیـاری لەسـەر هەردووکیـان لە سـاڵی ١٩٨٦ تـا ٢٠٠٧ کـۆدەکردەوە. لە مانگی دیسمبەر و پێش ئاهەنگی دانانەکە وولترز ئامادەکاری بۆ هـــاتنی کەســـی بـــراوە دەکـــرد، بـــۆ شـــارەزابوون و ناســـین، نـــامیلکەیەکی بەنـــاو و وێـــنەی دەســـــتەی فەرمـــانبەران و کارکەرەکانی لەبەردەم هاوسەری سەرۆکە نوێیەکە دادەنێت.

وەک چــۆن پێشـــتر بــۆ خێــزانەکەی کینیــدی کــراوە، بــۆ خێــزانەکەی ئۆبامــاش دەکەن، گەورە رابەری کۆشــک هەمــان بەرنـامەی بـۆ کۆتاییهـاتنی کـاتی سـەرۆک بۆشـیش کردبـوو، کەرەســـتە و کەلوپەلەکـــانی ســـەرۆکە نوێیەکەیـــان دەهێنـــا،

کۆنەکەیـان دەبـردەوە دەرەوە، ئەوەش هەفـتەیەک پـێش ڕۆژی دانـانەکە دەکرا، هەفتەیەک بـوو زۆربەی ناومـاڵەکەی ئۆبامایـان هێنـابوو، لە نهـۆمی یەکەم هەڵگیرابـوون و ئامـادەبوون، پـاش ڕۆیشـتنی بـۆش کەرەسـتەکانی ئەو دەربهێـنن و کەرەسـتە نوێیەکـانی ئۆبامـا دابنـێن، ئەگەرچـی بـۆش زۆر پەلەی لە کارمەنـدەکان کردبـوو، بەڵام گەورە بەرپرسـەکەی نـاو کۆشـک، سـتیڤن ڕوشـیۆن پەرۆش بـوو گواسـتنەوەکە لەبەر چـاوی خێـزانەکەی بـۆش نەکرێـت، نەوەک بـارکردنەکە بە دەرکـردن و دوورخستنەوە ببینن.

* * * * * *

# ئاهەنگی یەکترناسین

زوو دەستەی راوێژکارەکانی ئۆباما پەیوەندی بە تاخمی ناو کۆشکی سپییەوە دەکەن، بۆ نمونە نانسی کلارک، ژنەکەی گوڵی بۆ کۆشک دەفرۆشت، لەلایەن رێکخەری دیکۆرەکانی ناو ژوورەکەی ئۆباما قسەی لەگەڵ کرابوو، مایکل سمیس دانوستانی پێویستی لەسەر کەرەستەکانی دانانی گوڵ لەناو ژووره تایبەتییەکەی ناو نووسینگە هێلکەییەکە کردبوو، تێدا شەوی دانانەکە ئەندامانی خێزانەکە و برادەرەکانی سەرۆک شەوەکەی لەوێ کۆدەبنەوە. چەند هەفتەیەک بەر لە رۆژی ئاهەنگەکە وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی نزیک لە سەرۆک ئۆباما، دیزیری رۆجرز لەگەڵ ژنە پسپۆرەکەی گوڵ قسەیان لەسەر چۆنیەتی گوڵ و مۆم و کەرەستەکانی جوانکاری و گوڵە ناوازە دەگمەنەکان کردبوو، کە لەو شەوە بەکاردەهێنرێن.

سەرۆکە نوێیەکە بەشی خۆرئاوای کۆشکی سپی پڕکردبوو لە کەسە دڵسۆزەکانی رۆژانی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکە، ئەوان و کەسانی لە ژیانی سیاسی لەو نزیک بوون، بەتایبەتی سەرەتاکانی کاری سیاسی، لەوانە پەیڤدارەکەی رۆبرت گیبس، کە پۆستی پەیڤداری کۆشکی سپی پێبەخشیبوو، هەروەها ڤالیری گاریتی دەکاتە راوێژکار، هەروەها هاوسەرەکەی میشیل، ژنە یاریدەر و هاوڕێیەکانی هێنابوو، ئەوانەی چەند ساڵ بوو ئیشیان بەیەکەوە کردبوو، لەوێ پێی گووتبوون من قەرزباری

ئێـوەم، دوو ڕۆژ پـاش گەیشـتنی خـاتوونی یەکەم ئۆبامـا، داوا دەکـات کۆبـوونەوەیەک لەگەڵ تـاخمی نـاو کۆشـک بکـات، پێیـان دەڵێـــت ئـــێمە لەو کـــاروانە بەیەکەوە دەبـــین، داوای کردبـــوو هەموویان خۆیان بناسێنن.

******

# سەرۆک زۆر پارێزگارە

ڕۆژی هەینی، ڕۆژێک بەر لە دانانی سەرۆک ئۆباما، سەرۆک سەردانی بەشەکانی کۆشکەکەی کرد و خۆی بە کارمەندەکان ناساند، دەچێتە نهۆمی دووەم، کرێکارەکان لەوێ بەدیار تەلەفزیۆنەکە دانیشتبوون، لەگەڵیان دادەنیشێت و قسەی خۆشیان بۆ دەکات، ئەوانیش پیرۆزبایی لێدەکەن، بەیەکەوە پێدەکەنن و سوپاسیان دەکات و جێیاندەهێڵێت... کە دووبارە دەگەڕێتەوە مەتبەخەکە، جیمس جیفریزی شێف پێییدەڵێت من پیرۆزباییم پێگووتی، بەیانی ڕۆژی تەواوکردنی پەنجا ساڵەی ئیشکردنمە لە کۆشک، ڕەنگە پیرۆزبایی تۆم پێبگات... ئۆباما لە وەڵامدا بەرووە خۆشەکەی پێیدەڵێت: بۆ چاوەڕوانی بەیانی بکەین.

ئەگەرچی روجرز وتوویەتی خێزانەکەی ئۆباما زۆر گەرم و بەسۆزن، بەڵام سەرۆک لە پەیوەندییەکای زۆر بەپاریز بووە، کەمتر لە دوو سەرۆکەکەی پێشوو قسەی لەگەڵ تاخمی کۆشکی سپی کردووە، تارادەیەک هەندێکیان گوتوویانە ئەو دۆستایەتییە گەرمەی لەگەڵ سەرۆکەکانی پێشوو بۆش و کلینتۆن و بۆشی باوکیش هەمانبوو سارد دەبێتەوە. پوستری شێف گوتبووی خێزانەکەی بۆش وایانکردبوو، ئێمە زۆریان لێ نزیک ببینەوە، بەڵام لەگەڵ خێزانەکەی ئۆباما دەبوایە ئاگاداری ئەتەکێتە ڕەسمییەکانی نێوانمان بین، لەگەڵ ئەوەش سەرۆک ئۆباما

پەیوەنـــدی باشـــی لەگەڵ زۆر لە ژن و پیاوەکـــانی لە پـــاش پەردەکان ئیشیان دەکرد هەبوو. گەورە خزمەتگوزارەکە، جیمس جیفریز ریز و تێگەیشتنێکی بێدەنگی مـات لەنێوان خزمەتگوزارە ڕەشپێســـتەکان و خێـــزانەکەی ئۆبامـــا هەبـــووە، زۆربەیـــان ڕەشپێسـت بـوون، ئۆبامـا گوتبـووی ئەوانە لەنـاخەوە هەسـتیان بەوە دەکـــرد ئـــێمەش لەگەڵ ئەوان یەک ڕەگەزیـــش و لەیەک نزیکن.

*****

# کەسە ناودارەکانی ناو کۆشکی سپی

ڤینسنت کونتی دەرگاوانی تەمەن ٤٤ساڵ، لە ساڵی ١٩٨٨ تا ٢٠٠٩ بەردەوام و بەدرێژایی ئەو ساڵانە، رۆژانی دووشەممە و سێشەمموان، هاورێیەتی سەرۆکی کردووە لە دەرگای نووسینگە هێلکەییەکەوە بۆ دەرگای ئاسانسۆرەکە و بەپێچەوانەش. ئەو بەتەنها پێشوازی و هاوشانی سەرۆکی کردووە، زۆر جاریش سەرۆک لێی پرسیووە:

ئیمرۆ چۆن بوویت؟

کونتی بێجگە لەوەی هاورێیەتی سەرۆکەکانی ئەمریکی کردووە، لەگەڵ چەندین کەسایەتی ناوداری جیهانیش وەک نیلسۆن ماندیلا و ئەلیزابیت تایلور لە ئاسانسۆرەکەوە هاورێیەتی و پێشوازی کردون. ئەو گووتویەتی: زۆرجار سەرۆکەکان لەکن من گووتیوویانە زۆر ماندووین. زۆریان کە بەیەکەوە و تەنها دەبووین دەیانگووت:

چەند پەرۆشی ئەوەم زوو بگەرێمەوە ماڵەوە و تەواوی رۆژەکە بخەوم!

ئۆباما تا گەیشتووتە ئۆفیسەکەی لەرێگا باسی وەرزشی بۆ کردووە، بەتایبەتی لەگەڵ کونتی، چونکە ئەو زووتر یاریکەری فوتبۆل بووە. ئەو زۆریش هاندەری تیپی رێدسکندیس بووە، کە تیپەکە دەدۆران گلەیی دەکرد، گووتویەتی دەبوایە یارییەکەیان بەو جۆرە بوایە، وایان نەکردبوایە! هەندێجاریش ئۆباما داوای

لێکردووە سەگەکەی ماڵەوەیان (بو) لە چواردەورەی کۆشکی سپی کەمێک بخولێنێتەوە و پیاسەیەکی پێ بکات.

❊❊❊❊❊❊

# زۆر تایبەت و داخراو

دەرکەوت خێزانەکەی ئۆباما هەڵسوکەوتیان زۆر تایبەتی و داخراوە، شێف رۆشون گووتویەتی: من هەستم بەوە کردبوو، نێوانێک لەنێوان تاخمەکەی کۆشک و ئەوان هەبوو، دیارە خێزانەکە بەوە مورتاح و ئارام نەبوون، کە دەزانن دەیان کەس چاوەڕوانی هاتن و گەڕانەوە و دەرچوونیان دەکەن، لە کۆنتی زانیبوو، خێزانەکە ئارەزوویان دەکرد هەندێک تایبەتمەندییەکانی خۆیان بپارێزن.

خێزانەکەی ئۆباما، لەوە نیگەران بوون چونکە هەردوو کیژەکەی ژیانی ئاساییان دەخواست و لەوە راهاتبوون زۆر سادە بژین. میشیل ئۆباما لە ساڵی ٢٠١١ی زاینی بە رۆژنامەنووسێکی راگەیاندبوو، کە کیژە گەورەکەی میلیای تەمەن سێزدە ساڵان، دەیەوێ بەدەستی خۆی جلەکانی بشوات، دایکی ماریان رۆبنسون ئەویش لەناو کۆشک لەگەڵیان دەژیا، لەسەر ئەو ژیانە رایدەهێنێت و فێری دەکات، ئەویش نەیدەویست کەس جلەکانی بشوات و بەدەستی خۆی جلەکانی شووشتووە.

مایکل فلاورزی کوافێری پێشووی میشیل ئۆباما گووتبووی میشیل و دایکی ئیشکردن لەگەڵیان زۆر ئاسان نییە. کاتی ماکاورمیک، باشی لەبیرە کە خاتوونی یەکەم ویستوویەتی رۆژانە و رێساکانی بنچینەیی هەردوو کیژەکەی بەدەستی خۆی

دابڕێژێت. زۆریش ریزی کارمەندەکانی کۆشکی سپی گرتووە، بەڵام ویستوویەتی واز لە دوو کیژەکەی بهێنن، داوایکردووە خۆیان ئاگاداری شتە تایبەتییەکانیان بن و وریا بن.

❊❊❊❊❊

# ئەوان کرێنشینی ناو کۆشکی سپیین

خێـزانەکەی ئۆبامـا ژیـانی ڕۆژانەی شـیکاگۆیان لە دەسـت دەچێت، ڕۆژێکیان ئۆباما گووتبووی:

هەمـوو سـەرۆکەکان دەزانـن ژیانیـان لەنـاو کۆشـکی سـپی کاتییە، ئەوان تەنها کەسانی کرێنشینن لەو کۆشکە.

ئۆباما پەرۆش بووە ڕۆژانە لەگەڵ خێزانەکەی نانێک بخوات، بەڵام دوو شـەو بـۆی نەگونجـاوە بەیەکەوە لەسـەر یەک خـوان نانەکەیان بخۆن. ئەوەش قسەی سام کاسـە، شـێفی خێـزانەکە، لە شـیکاگۆوە لەگەڵ خۆیـان هێنـابووین، هەتـا مـانگی دیسـمبەری سـاڵی ٢٠١٤ دەمینێـتەوە، دوایـی بـۆ خوانسـازکردن دەچێـتە نیویۆرک. مایکل فلاورزی، لەکاتی هەرزەکارییەوە کوافیری قژی میشـیل ئۆبامـا بـووە، یەکێـک بـووە لەوانەی لە ئـاهەنگی دانـانی سـەرۆک، قـژی خـاتوونی یەکەمـی داهێنـاوە، ئەوان پـێش ئەوەی بچنە نـاو کۆشـک، ئەو ڕۆژە لە چواری بەیانییەوە لە باڵەخـانەی بلیر هاوس دەبن، ئەویش هاوڕێیەتی دایک و دوو کیژەکە دەکات و بەدرێژایی ڕۆژەکە لەگەڵیان دەبێت.

# هەستکردن بەشانازی

فلاورز دەڵێت من هەستم دەکرد کارمەندەکانی ناو کۆشک بە هـــاتنی ســـەرۆکێکی رەش شـــانازن، چـــونکە ئەوان زۆربەیـــان رەشپێست بوون، شتی وایان بەچاوی خۆیان نەدیبوو، ئەویش ئەمریکییەکی بەڕەچەڵەک ئەفریقی بوو، ئەوەشی لە قسە و رەنگ و ئاکـاری کارمەنـدەکان بـاش دەبینـی، چـونکە رووداوەکە بـۆ ئەوان لەســـەرووی خەیـــاڵیش بـــوو. بەیـــانییەکەی ئەو رۆژە، هەموویـان ئـارام و لەسـەرخۆ بـوون، تەنهـا ماریـان روبنسـۆنی دایکـــی خـــاتوونی یەکەم نەبێـــت، ئەو هەســـتی دەکـــرد لەنـــاو وەچەرخان و گۆڕانێکی دراماتیکییە، بەڵام کیژەکە زۆر پەرۆش بوو، دایکی بۆ ناو کۆشک هاوڕێیەتی بکات و یارمەتی هەردوو کیژەکەی بدات، ئەوەشی کرد. فلاورز دەڵێت:

ســـەرۆک ئۆبامـــا لەورۆژە زۆر ئـــارام بـــوو، بەردەوامـــیش کـــۆنترۆڵی هەڵچوونەکـــانی دەکـــرد، ســـەبارەت بە میشـــیل ئەو دەیگووت ژنێکی بەکرێگیراوە.

## دوا دەستکارییەکان

لەو سەردەمە پەیوەندییەکانی نێوان کارمەندەکانی کۆشک و خێزانـــی ســـەرۆکەکان خۆشـــتر و ئـــارامتر ببـــوو، ژنە خزمەتگوزارێک بەنـاوی ئیڤـاینز سـیلڤا دەڵێت: خـاتوونی یەکەم لەناو کۆشک وایلێهاتبوو ناوی هەموو کارمەندەکانی ناو کۆشک، بە یەک هەفـتە فێـر دەبێـت. ئەوەمـان لەلای باربـارە بـۆش و هـیلاری کلینتـۆن و لـۆرا بـۆش و ئێسـتاش لەگەڵ میشـیل ئۆبامـا دیـوە. هەمـوو خێزانەکـان دەیانویسـت خۆیـان دوا دەسـتکاری لەسـەر دیکۆرەکـان و ناومـاڵی کۆشـکی سـپی دابنـێن، هەمـوو خێـزانێکیش جۆری تایبەتیان لە شـێوازی جلوبەرگ و شـێوازی هەڵســـوکەوتیان لەگەڵ کارمەنـــد و خزمەتگوزارەکـــان پەیڕەوکـردووە. بـۆ نمـونە جـاکی کینیـدی دەسـتکاری هەمـوو وردەکارییەکـانی نـاو ئـیش و کاروبارەکـانی نـاو کۆشـکی سـپی دەکـــرد، وردە تێبینییەکـــانی رۆژانە بەســـەر کارمەنـــدەکان دابەشدەکرد، وردە سەرنج و ویستەکانی دەنووسیەوە.

# کۆدی چەکی ناوەکی

ڕۆژی دانـانی سـەرۆک، ڕۆژێکـی گەشـە لە ژیـانی هەمـوو سەرۆکە نوێیەکان، کە پاش نیوەڕۆی سوێندخواردنەکە بە چەند سـەعاتێک ڕێورەسـمەکە دەسـتی پێـدەکرد، بەیـانییەکەی زوو، سەرۆکە نوێیەکە ڕاپۆرتێکی نوێی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی لە کـۆنە ڕاوێژکـاری کاروبـاری ئاسایشـی نەتەوەیـی و ڕاوێژکـارە تایبەتییەکەی وەردەگرت، پاش تەواوبوونی ئەو دیمانەیە، گەورە بەرپرسـە سـەربازییەکە کـۆدی چەکە نـاوەکییەکەی ڕادەسـتی سەرۆکە نوێیەکە دەکرد. ڕۆژە سەرەتاکانی وەرگرتنی پۆستەکە، بۆ سەرۆک تژی بوون لە ڕووداوی سەیر و بالّکێش، بۆ ئەو و دەسـتە و یاریـدەرە و گەورە بەرپرسـەکان، ئاسـانیش نەبـوو، ئەوانە لەو کەشـە ڕابـێن و بگـونجێن، لەگەڵ تێپەڕبـوونی هەر هەفـتەکە دۆخەکە ئاسـایی دەبـوو و فێـر دەکـران، فەرمـانبەرە کۆنەکان یارمەتی زۆر دەدەنە کارمەندە نوێیەکان لەسەر ژیانی ناو هەوارە نوێیەکەیان. خێزانی سەرۆکەکان بە چەندین شێوە، هەڵسـوکەوتیان لەنـاو کۆشـک لەگەڵ کارمەنـدەکان کـردووە، لە کۆتـایی بیسـتەکان و سـەرەتاکانی سـییەکانی سـەدەی ڕابـردوو، خێزانـی سـەرۆک هیربـرت، حەزی دەکـرد کارمەنـدەکان لەبەر چاوان دووربکەونەوە، بەڵام خێزانی فرانکلین ڕۆزفلت و هـاری ترومـان، زۆرتـر لە کارمەنـدەکان نزیـک دەبـونەوە، زۆریـان پـێ

ئاسایی بووە کارمەندەکان لەنزیک و لەبەرچاوی خێزانەکەیان ئیشوکارەکانیان راپەڕێنن.

*****

# ژووری نووستن

بریتستۆن بروسی دەرگاوان، لەوە راهاتبوو خێزانی سەرۆک ئایزنهاور شەوانە سەعات دەی شەو دەخەوتن، بەڵام سەرسام دەبێت و دەحەپەسێت، کە دەزانێت شەوی دانان و دەستبەکاربوونی سەرۆک کینیدی، شەو تا درەنگ لە ئاهەنگەکە دەمینێنەوە، سەعات دوو بەیانی بۆ نووستن دەگەڕێنەوە، وادەزانێت ئەوانە یەکسەر دەخەون، چونکە رۆژەکەیان پڕ ئیش و سەرقاڵی بووە، بەڵام لەناکاو هەست بەوە دەکات، میوانەکان دەگەڕێنەوە شەوچەرەکەیان بەردەوام دەکەن، تا سێ و چارەکی بەیانی دەمینێنەوە. ئەگەرچی شەوی یەکەم درێژ دەبێت، بەڵام بروس لەو جۆرە ژیانەی بنەماڵەی کینیدی رادێت و فێردەبێت، چونکە ئەو شەفتی شەوانە ئیشیکردووە، زۆرتر شارەزای لایەنە گەرمەکانی بنەماڵەکە دەبێت، بەوەش پێدەکەنی کە دەیزانی شەوانە سەرۆکە گەنجەکە دەخزیە ناو ژووری هاوسەرە گەنجەکەی، یان بەپێچەوانە، بۆیەش جاکی پێی وتووە:

بروس نیگەران مەبە، چونکە ئێمە دەزانین تۆ هاوسەرت هەیە.

# فشاری زۆر

سـەعاتەکانی ئیشـکردنی بـروس لەنێـوان سـاڵانی ١٩٥٣ تـا ١٩٧٧ لە سەعات سێ عەسرەوە تا شەوانی درەنگ بووە، ئەو لە دەرگـاوە پێشـوازی میوانەکـانی کـردووە، بەردەوامـیش پـێش دیمانەکـان، میـوانە تووڕەکـانی سـارد دەکـردەوە، هەروەهـا شەوانەش لە ناو ئۆفیسە هێڵکەییەکە سـەرۆکی دەگەیاندەوە نـاو هەوارەکەی، چـاوەروانی ئەوەش دەکـرد تـا سـەرۆک خەوی لێدەکەوت، ئینجـا دەگەڕایەوە مـاڵەوە. ئەو لەنـاو کۆشـکی سـپی وەک سـتارێک دەردەکەوت، هەمـوو فەرمانبەرەکـان ستایشـیان دەکرد، دەیـانووت کەسێکی شیک و ئارامە، بە فشـاری زۆریش هەر ئارام دەمـایەوە، بۆیەش گەورەی خزمەتگوزارەکان لینـوود ویستری نازناوی دبلۆماسی پێ بەخشیبوو.

رۆژی دوای ئـاهەنگی دانـانەکەی سـەرۆک کینیـدی، بـروس، ئەو و خـاتوونی یەکەم بەرەو نهـۆمی دووەم سـەردەخات بـۆ ئـاهەنگی ئێـوارەکە، بەوەش وادەزانێـت، کـار و بەرنـامەی رۆژەکەی تەواو بـوو و دەتوانێـت پشـوو بـدات، بەڵام لەناکـاو دەبینێت سـەرۆک دێتەوە خـوارەوە و دەیەوێ بچێتە دەرەوە و پیاسـەیەک بکـات، ئەوەش سەرسـامی دەکـات، سـەرۆک دەیەوێ لە کۆشـک دووربکەوێـتەوە و رابکـات، ئەو هێشـتا تەنهـا ٢٤ سەعات بوو لەوێ بوو.

# قوتابیی قوتابخانە

دەبـوایە گـرووپە پاســەوانەکە هــاوڕێیەتی بـکەن، پێیـدەڵێن ناکرێ ئەو زۆرتر لە بیست فەدان (فەدانێک زەوی نزیکەی دوو دۆنــم دەبێــت، و. کــوردی) لە چــواردەورەی کۆشــکی ســپی دووربکەویـتەە، ئیتـر لەورۆژەوە بـروس خـۆی بـۆ ئەو جـۆرە پەرجـووانەی ســەرۆک ئامـادە دەکـات، دوو پـالتۆ هەڵـدەگرێت، یەکێکیان ئەگەر سەرۆک بیەوێ لەناو شوورەکەی نهۆمی یەکەم بسووڕێتەوە، دووەمیشـیان ئەگەر بیـەوێ بچێتە خـوارەوە، بەڵام کینیدی نەیدەویست پـاڵتۆ و پێڵاوی دژەبـاران لەپێ بکـات. ئەو رۆژانە وەک قوتـابییەک بـوو، بیەوێت لە کۆتەکـان بەرەڵا بێت و دووربکەوێـتەوە. رێورەسـمی دانـانی ســەرۆک کلینتـۆن بە چەنـد نزایەکـی ئـاینی دەسـت پێـدەکات، ئینجـا خێـزانەکە بەر لەوەی ســەعات دە و نیـوی بەیـانی بچـنە کۆشـکی سـپی دەچـنە نـاو باڵەخـــانەی بلیـــر هـــاوس، لەوێ ســـەرۆک بۆشـــی بـــاوک و هاوسـەرەکەی چاوەڕوانیـان دەکـردن و داوای سـەرکەوتنیان بـۆ دەخـــوازن. هەر لەورۆژە هـــیلاری کلینتـــۆن ئاگـــاداری ژنە دیـزاینەکەی نـاوەوە دەکـات، لەکـاتی دانـان و رێورەسـمەکانی کۆنگرێس لەوێ بێت، پاش تەواوبوونی بەرنامەکە، بگاتە کۆشکی سپی بۆ سـازکردنی بەرنامەکـانی خـۆی، بۆیەش ئۆتۆمـۆبیلێکی جۆری ڤان چاوەڕوانی دەکرد بیباتە کۆشکی سپی.

# دەستبڵاوییەکانی کۆشکی سپی

خێزانەکەی کلینتۆن ٤٠٠ هەزار دۆلار بۆ سازکردنەوە دیکۆرەکانی کۆشکی سپی سەرف دەکەن، ئەو پارەیەش لە ئابونە و کۆمەکە تایبەتییەکان سەرف دەکرێت، ئینجا لەناو کۆشکی سپی و دەرەوەش، لەسەر ئەو دەستبڵاوییە رەخنەیان دەبێت. بەرپرسی کاروبارەکانی کارەباکەش، ئەوەی لەگەڵ نۆ سەرۆک کاریکردبوو، وتبووی، رێورەسمی گەیشتنی کلینتۆن هەموویان سەختر بوو، پێش دەستپێکردنی بەرنامەکە هیلاری کرێکارەکانی نۆژەنکردنەوە تەنگاو دەکات، داوا دەکات بەپەلە کارەکانیان تەواو بکەن و زووش شوێنەکە چۆڵ بکەن، ئەگەر تەواویش نەبن، بڕۆنەوە، چونکە خێزانەکە چەند برادەرێکی داوەتکردبوو.

*****

## کەسێکی ڕەشپێست دەبێتە سەرۆک

هەڵبژاردنی سەرۆک ئۆباما لە ساڵی ٢٠٠٨ وەچەرخانێکی گرینگ بوو لە مێژووی ویلایەتە یەککگرتووەکان، لەلایەن زۆرینەیان بەگەرمییەوە پێشوازی لێدەکەن، چونکە ئەوە دەبێتە دانان و پێگەیەک بۆ کۆشش و خەباتی بزاڤی مافەکانی مەدەنی.

پێش چل ساڵ لە هەڵبژاردنی ئۆباما، بە شێوەیەکی یاسایی جیاوازی و نایەکسانی دژ بە ئەفریقییە ئەمریکییەکان لە ویلایەتە یەککگرتووەکان دەکرا، پێش سەد ساڵ، لە گۆڕەپانی لاڤاییینی سەر کۆشکی سپی تەویلەی زەنجییەکان دادەنرا، ئیمڕۆش ئەمریکییە سپیپێستەکان خزمەتی یەکەم خێزانی ئەمریکی ڕەشپێست دەکەن، کە لەناو کۆشک سپی دەژین.

خێزانەکەی ئۆباما لەناو کۆشک، بەرامبەر چواردەورەکەیان هەستیار بوون، هەندێ لە چاودێرەکان دەڵێن: ئەوان لە بوونی خزمەتگوزارەکان ئاسوودە نەبوون، سەرۆک و هاوسەرەکەی هەستیان بە پێگە مێژووییەکەیان کردبوو، دەیانزانی لەکام پۆست دانراون، سەرۆک ئۆباما، نەک هەر کەسێکی ڕەش بوو، ژنەکەشی هەر ڕەش بوو، ئەو بەڕەچەڵەکە دەگەڕایەوە تیرەیەکی زەنجی، باپیرە گەورەکەی جیم ڕۆبنسۆن کەسێکی کۆیلە بووە، باپیریشی فریزر ڕۆبنسۆن بەگەنجی نەخوێندەوار بووە، بەگەورەیی فێری خوێندەواری دەبێت. هەندێ لەئەندامەکانی خێزانەکەی میشیل ئۆباما ئیشی دەستی سادەیان

کردووه، باپیری لەدایکییەوە لە شیکاگۆ ئیشی دەستی کردووە، یەکێک لە پوورەکانی ژنە خزمەتگوزار بووە.

لەودەمانەی ئۆباما دەبێتە سەرۆک، دەیویست لە ئاخاوتنەکانی لە جیاوازی نێوان رەگەزی سپی و رەش خۆی دووربگرێت، ئەو و خێزانەکەی و هەمـوو یاریدەرەکانیشی. یەکەم گەورەی خزمەتگوزارەکان یوشر ستیڤن، ئەوەی لە ساڵی ٢٠١١ خانەنشین دەبێت، دەڵێت من هەستم بەوە کردبوو، تێگەیشتنێکی تایبەتی لەنێوان تاخمە رەشپێستەکان و خێزانەکەی ئۆباما هەبوو، چونکە هەردوولا سەر بەیەک کەلتوور بوون، هەروەها وتبووی: تاخمە رەشەکە پاش هاتنی ئۆباما زۆر هەستیان بەشانازی کردبوو، بەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان گەیشتووتە ئەو ئاستە لە گەشەسەندن کە سەرۆکێکی رەش هەڵبژێرن.

# ساتە ورووژێنەرەکان

دیزیـــــری رۆجـــــرز وەک یەکەم ســــــکرتێری کاروبـــــاری کۆمەڵایەتی خێزانـی سـەرۆکێکی رەش، بـۆ ئەو مەسـەلەکە زۆر بـاڵکێش بـوو، ئەو ژنە وتـوویەتی: لە رۆژی دانـانەکە، مەسـەلەکە بۆ مـن زۆر وەرووژێـنەر بـوو، کە سـەیری ئەو هەمـوو پیـاوانەم دەکـرد، خۆیـان سـازدەکرد بۆ گەیشـتنی یەکەم سـەرۆکی رەش، نەدەکـــرا دیــــمەنەکە لەبەرچـــاوانم لابەرم و ســــەیریان نەکەم، لەودەمـانە بـاپیرم بەبیرهـاتەوە، خـۆزگەم دەخواسـت لەو سـاتە زیندوو بوایە، ئەو دیمەنەی بینیبووایە. رۆجرز وتبووی گوێم لە خزمەتگوزارەکـان دەبـوو، دەیـانووت هەرگیـز بڕوامـان نەدەکـرد رۆژێـک پیـاوێکی رەش وەک سـەرۆک بێـتە نـاو کۆشـکی سـپی، سـاتەکانی ئامادەکارییەکـان بـۆ پیشـوازی و گەیشـتنی بنەمـاڵەی ئۆبامـا دەکـرا زۆر کـاریگەر و هەسـتیار بـوو. لـۆنی پانسـت بەرپرسـی پاراسـتنی کەلوپەلەکـانی کۆشـکی سـپی، سەرسـام و پەریشـان دەبێت ئەگەر ببینێت، میشـیل ئۆبامـا لەبوونی رەوش و هەڵســەوکەتی تـایبەتی هاوبەشـیان، قسـە لەگەڵ تـاخمی نـاو کۆشکی سپی ناکات، کە زۆربەیان رەشپێستن، بۆیە ژنەکە زوو ئەوە رووندەکاتەوە، کە رەچەڵەکی سـەرۆک ئۆبامـا، نـابێتە تـاکە پێـوەر بـۆ پەیوەنـدی باشـتر لە سـەرۆکە سـپییەکان بە تـاخمە رەشـەکەی نـاو کۆشـکی سپیشـەوە، بەڵام تێگەیشـتنێکی روون و رێزێکی زۆریش بۆ ئەو خەڵکە، لەلایەن سـەرۆک و خێـزانەکەی

دەبێت. وادەزانم میشیل ئۆباما هەستێکی وا نیشان دەدات، من و یەکێک لە ئەندامەکانی خێزانەکەم لە شوێنی ئەو خەڵکە بێت.

*****

# %١١٠

تۆنی ساڤوی بەرپرسی پرۆسەکان، ئەوەی لە ساڵی ٢٠١٣ خانەنشین دەبێت، بەدڵنیاییەوە دەڵێت، هاتنی سەرۆک ئۆباما بۆ کۆشکی سپی هیچ باندۆری لەسەر راپەڕاندنی کارەکانم نەبوو، ئەو وتبووی: من هەموو جۆرە کۆشش و تواناکانم دەخەمە گەڕ و گوێ بەوە نادەم سەرۆک چ جۆرە ناسنامە و رەنگێکی هەیە، من هەرگیز جیاوازییەک ناکەم، من تواناکانم ١١٠% لە هەموو رەوشەکاندا سەرف دەکەم.

سەرکەوتنی ئۆباما و بردنەوەی دوو خولی سەرۆکایەتی، دەبێتە مەسەلەیەکی باڵکێش لە دیدگاکان لەسەر پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی نێوان کۆشکی سپی و خزمەتگوزارەکان، لە سەدەی نۆزدەهەم بازرگانیکردن بە کۆیلەکان لەو وڵاتە باوبووە، ئەگەرچی لەکاتی هەڵگیرسانی شەڕەکانی ناوخۆ، زەنجی ئازادی زۆریش هەبووە، بەپێی تۆمارەکانی سەرژمێری نیشتەجێبوونی ساڵی ١٧٩٢ نزیکەی نۆ هەزار رەشپێستی ئازاد، بەرامبەر هەزار و حەوت سەد رەشپێستی کۆیلە لەناوچەی واشنتۆن دی سی هەبووە.

# منداڵان لەناو کۆشکی سپی کاردەکەن

پاش تەواوبـوونی دروسـتکردنی کۆشـکی سـپی، هەمـوو سەرۆکەکان، ڕەشپێستەکان، بەتایبەتی ئەوانەی لە ویلایەتەکانی باشـوور هاتبوون، دەهێنە ناو کۆشکی سپی، ئەوەش تا ساڵی ١٨٦٠ بەو جـۆرە بـووە، لەوانە، تۆمـاس جیفرسـۆن و جـیمس مادیسـۆن و ئەنـدرۆ جاکسـۆن. لە سـاڵی ١٨٣٠ لە سـەردەمی سـەرۆکایەتی جاکسـۆن لە تۆمـار و لیسـتەکان دیـارە ١٤ کۆیلە لەنـاو کۆشـکی سـپی ژیـاون، پێنج لەوانە تەمەنیـان لەژێـر پێنج ساڵی بووە، لۆنی پاتشی دەڵێت:

پەنجەمـۆر و شـوێنی ڕەشـەکان لە سـەرەتای دروسـتبوونی کۆشـکی سـپییەوە دیـارە. سـەرۆکەکان پـارەی ئیشـکردنی ڕەشەکانیان لە گیرفانی خۆیان دەدا، چونکە نەدەکرا ژمارەیەکی زۆر لە ڕەشەکان دامەزرێنن، بۆ نمونە سەرۆک جیفرسۆن وەک نمـونە دە خزمەتگـوزاری هەبـووە، لەوانە تەنهـا سـێ کەسـیان سپیپێسـت بـووە. هەنـدێ لە سـەرۆکەکانی باشـوور، ئەوانەی سـەرەتاکان لەوێ بـوون، کۆششـدەکەن، مەسـرەفەکان کەم بـکەنەوە، بـۆیە کارمەنـدە سـپییەکان بە ڕەشـەکان دەگـۆڕن، سەرۆک جیمس مادیسۆن ڕەشـەکان لەنـاو ماڵەکەی خـۆی ئیش پێدەکات. لەوانە پـۆل جینگـز ئـازادی خـۆی دەکڕێت و ڕۆژانەی خۆی دەنووسێتەوە. سەرۆک ئەندرۆ جاکسۆن، ژمارەیەک زۆر کـۆیلەی لە ویلایەتـی تینیسـی هەبـووە، بـۆ کەمکـردنەوەی

خەرجییەکانی سپییەکان بەو رەشانە دەگۆڕێتەوە و دەیانهێنێتە ناو ماڵەکەی. کە زاکای تایلور لە ساڵی ١٨٤٩ دەگاتە دەسەلات، ئەمریکییەکانی ویلایەتەکانی باکوور لە کۆیلیەتی تووڕە و بێزاریش بوون، بەلام سەرۆک بۆ کەمکردنەوەی خەرجییەکان ئەوانە بۆ خزمەتکردن دەهێنێتە ناو ماڵەکەی، لەوانە منداڵیشی بۆ ئیشکردن هێنابوو. بەلام پێی وتبوون، نەوەک خەڵکەکە تووڕە بن و کاردانەوەی میللی پەیدا بێت، ئێوە لەبەرچاوان مەبن و کەم دەربکەوون. لە ساڵی ١٨٦٢ سیستەمی کۆیلیەتی لە واشنتۆن لادەبرێت و نامینێت.

## گەورەی خزمەتگوزارەکان

پایە بە پایە رۆلی فەرمانبەرانی کۆشکی سپی زۆرتر دەبێت و پێشـــدەکەوێت. لە ســـاڵی ١٨٣٥ سەرپەرشـــتیاری تۆمـــاری فیـدراڵی دەبێـتە کەســی یەکەمـی دەسترۆیشـتووی کاروبـاری بەڕێـوەبردن، کـۆنگرێس لە سـاڵی ١٨٦٦ پۆسـتی پێشـوازیکەر دادەمەزرێنێت، سەرۆک ئەندرۆ جۆنسۆن، کەسێک بەناوی ولیام سـلیدری بەڕەچەڵەک ئەفریقـی، زووتـر پەیـامنێری تـایبەتی سـەرۆک ئابراهـام لینکـولن بـووە، دەکـاتە یەکەم بەڕێـوەبەری رەسـمی خزمەتگوزارەکـانی کۆشـکی سـپی، مـووچەکەش سـی هەزار دۆلار بـووە، ئەو پـارەیەش لە سـەدەی نـۆزدەهەم زۆر بـووە، ئۆفیسەکەشـی لەنێـوان دوو مەتبەخـی ژێـرزەمینەکە بـوو، ئیتـر لەورۆژەوە ئەو پۆسـتە بـاڵایە نـادرێتە کەسـێکی تـر بەڕەچەڵەک ئەفریقـی بێـت، تـا سـاڵی ٢٠٠٧ سـتیڤن رۆسـتۆن پۆسـتەکە وەردەگـرێتەوە. پـاش سـەدەیەک لە کەمکـردنەوەی خەرجییەکـان لەلایەن سـەرۆک جیفرسـۆن بە گـۆڕینی خزمەتگـوزارە سـپییەکان بە رەشپێسـتەکان، سـەرۆک فـرنکلین رۆزفلت، هەڵسوڕێنەرێکی سـپی، هنریتا نیسبیت لە هایدبارکەوە دەهێنێت بۆ کەمکردنەوەی مەسـرەفە زۆرەکـانی سـەرۆکایەتی. پـاش مـاوەیەک کەم نیسـبیت بە خـاتوونی یەکەمـی نـاو تـاخمی خزمەتگوزارەکـان دەناسـرێت، پـاش مـاوەیەک ئیلینـور رۆزفلـت بڕیـاردەدات هەمـوو خزمەتگوزارەکـان بـێجگە لە نیسـبیت

دەربکـات، بەبیـانووی ئەوەی ئەگەر خزمەتگوزارەکـان هەمـوو یەک رەگەز بن، باشتر لەیەکتری حالّی دەبن و هاوکارییەکانیان باشـتر دەبێـت، بـۆیە تـاخمەکە هەمـوو دەکـاتە خزمەتگـوزاری رەشپێست.

******

## جیاکردنەوەی خزمەتگوزارە ڕەشەکان لە سپییەکان

بەر لەوەی خزمەتگوزارە سپییەکان دەربکەن، ئەوان ژووریان جیاواز بوو، ڕەشەکان هاوڕێیەتی سەرۆکیان دەکرد، کە دەچووە ماڵەکەی خۆی لە هایدپارک لە ویلایەتی نیویۆرک، لەوێ بۆیان نەبوو، ژووری نانخواردنەکە بەکاربهێنن، داوایان لێکرابوو ئەوان لەناو مەتبەخەکە نانی خۆیان بخۆن، بۆیەش گەورە خزمەتگوزارە ئەفریقی ئەمریکییەکە ئالونسۆر ڤیلدر نووسیبوی: من لەسەر کۆشکی سپی قسە و بۆچوونم هەیە، ئەوەش نمونەی هەموو ویلایەتەکانی ئەمریکایە.

پاش دەیان ساڵ، ڕەشە ئەفریقییە ئەمریکییەکان، پێگەی باڵا لەناو کۆشکی سپی دەگرنەدەست، ئەگەرچی ئەوان خزمەتگوزار بوون، بەڵام ئەو کارە لەناو پایەدارترین ماڵ لەناو ئەمریکا زۆرە، لینوود ویسترای وەک گەورە خزمەتگوزار لە ساڵی ١٩٦٢ دەست بەکاردەبێت و ماوەی سی و دوو ساڵ دەمێنێتەوە. ئەو لە واشنتۆن لەدایکبووە، لەوێش گەورە بووە، لەبیریەتی موچەی هەفتانەی شەش دۆلار بووە، کە لە دووکانێکی بەقاڵی لە ساڵی ١٩٣٩ ئیشیکردووە، پاش چەند ساڵێکی کەم لە ژنهێنانەکەی لە باکووری خۆرهەڵاتی واشنتۆن لە ساڵی ١٩٥٥ بە چواردە هەزار دۆلار خانوویێکی گەورە دەکڕێت.

# کێڵگەکانی حکومەت

لە نۆڤمبەری ساڵی ١٨٠٠ سێ بەشی دانیشتوانی واشنتۆن دی سی لە رەشەکان، ئازاد و کۆیلەکان، دەستیان هەبووە لە دروستکردنی هەردوو باڵاخانەی کۆنگرێس و کۆشکی سپی، ئەو کۆیلانەیان لە گەورە و خاوەنەکانیان بەکرێگرتبوو، لە کێڵگە بەردەکانی حکومەت لە ڤیرجینیا ئیشیان دەکرد، موچەکانیان بریتی بووە لە خواردن و خواردنەوە. ئەوانە تەنها ناوی یەکەمیان لە تۆمارەکانی حکومەت ماوە، ئەگەرنا هیچ زانیارییەکانیان لەسەر تۆمار نەکراوە. ناکرێ چۆنیەتی زەوییەکەی کۆشکی سپی لەسەر دروست دەکرێت مەزندە بکەین ئەودەمانە چۆن و چەند بووە، ئەو باڵەخانە هەتا هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ، گەورەترین باڵەخانەی وڵاتەکە بوو، چەند ساڵیش بوو باڵەخانەکە تەواو ببوو، بەڵام کەسی تێدا نەدەژیا.

## پۆستە باڵاکان بۆ سپییەکان و نزمەکانیش بۆ ڕەشەکان بوو

بەڕێز ویسترای وابوو، وەک ئەوەی بەڕێزێکی ناو کۆشکەکە بێت، چونکە ئەو دەڵێت، لەودەمانەی من خزمەتی ئەندامانی کۆنگرێس و سەفیر و نمایندەکانی دەسەڵاتم لە واشنتۆن دەکرد، بەرپرسەکانی کۆشکی سپی منیان بەناوی خۆم بە میوانەکان دەناساند، وەک بڵێن جۆن یان شارلز. ئەوەش نیشانەی گەورەیی بووە بۆ ئەو، وەک بڵێن بەڕێز ویسترای. ویسترای دەڵێت: من لەناو واشنتۆن ناسراوبووم، چونکە پۆستی گەورەی خزمەتگوزارەکان بۆ کەسێکی ڕەشپێست کەم نەبوو، برادەرەکانم بایەخیان بە پۆستەکەم نەدەدا، تا ئەودەمەی دەزانن مووچەکەم چەند زۆرە. دە ساڵی یەکەمی ویسترای پچرپچر دەوامی کردووە، چونکە لەودەمانە وەک فەرمانبەر لە پۆست ئیشیکردووە، پاش ئەوەی لە ساڵی ١٩٧٢ لە پۆست خانەنشین دەبێت، گەورە خزمەتگوزارەکە داوای لێدەکات، بێت لەگەڵ ئەوان ئیش بکات، دەڵێت لەبەر ئەوەی شەوانە زۆر تا درەنگ دەمامەوە، ژنەکەم ئەو ئیشەی پێ خۆش نەبوو، بەڵام گلۆریای کیژی دەڵێت ئیشکردنی باوکم لە کۆشکی سپی دەروازرە داخراوەکانمان بۆ دەکاتەوە، لەبەردەم منداڵانیش زۆر شاناز دەبووین کە باوکمان لە کۆشکی سپی کاردەکات، بەوەش هەستی بە ڕێزگرتنی خودی خۆی کردووە.

# ژووره سوورەکه

ئەو ماوەیەکی زۆر نهێنییەکانی دەپارێزێت، باسی رۆژانەکەی خۆی لەناو کۆشکی سپی ناکات، بەڵام ویستزای کە پیر دەبێت، وردە وردە باسیان دەکات، بەخۆشییەوە باسی شەوێکی ساڵی ١٩٧٦ دەکات، تیدا شتێکی نائاسایی روودەدات.

ئەو دەڵێت من لەناو ژووره سوورەکە، شوێنێکم گرتبوو، لەو شەوەی شاژن ئیلیزابێتی دووەم و شازادە فیلیپ بەبۆنەی دوو سەد ساڵ بەسەر تێپەڕبونی سەرکەوتنی شۆرسی ئەمریکی بەسەردان هاتبوون، لەناکاو شەو درەنگ شازادە فیلیپمان لێ بەژوورێکەوت، منیش لێم پرسی:

بەرێزتان دەتانەوێ کۆکتێلێکتان بۆ ساز بکەین و بیخۆیتەوە. شازادەش بەمەرجێک رازی دەبێت، بەدەستی خۆی دوو گلاس شەرەبەتمان بۆ بگرێتەوە!

ئێمەش هەردووکمان سەرسام و بەحەپەساوەیی سەیری یەکترمان کرد، چونکە هەرگیز هەڵوێستی وامان نەدیبوو، شازادەیەکی وا گەورە و ناودار، خزمەتی ئێمە بکات. لەو شەوە، شازادە دڵی بەوە خۆش دەبێت، ئەوان دابنیشن، ئەویش خزمەتیان بکات. ئیتر بەو جۆرە شازادەکە خزمەتی هەردوو خزمەتگوزارەکەی کۆشکی سپی دەکات.

له سالّی ١٩٩٤ پاش ئەوەی سی سالّ لەناو کۆشکی سپی دەمینێتەوە، وەک خزمەتگوزار ویسترای بە نەخۆشی خانەنشین دەبێت.

هیرمان تۆمبسۆن دەیویست کارێک لە کۆشکی سپی بدۆزێتەوە، باوکی لەوێ بەکاتی ئیشیدەکرد، یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی کۆمپانای تایبەتی خزمەتگوزاری، هەروەها مامیشی لەوێ کاریکردووە، بێجگە لەوانە برادەری زۆری لەوێ هەبوو، زۆربەیان رەشپێست بوون، بەیەکەوەش هاوکار و پشتیوان بوون، تا بەرنامە و کارەکانیان سەرکەوتوو بێت.

تۆمبسۆ بەناسکی سەیری ئیشەکەی دەکرد، وایدەزانی بە چاوقوچانێک رەنگە کارەکەی لێ وەربگرنەوە و نەمینێت، چونکە خزمەتگوزار بە کردەوەیەکی بچووکی وەک قسەکردن لەگەڵ یەکێک، یان دەنگی قاپ و کەرەستەکان کارەکەت لەدەست بچێت، بۆیەش بەردەوام هوشیاری دەدایە کارمەندەکانی وریا و هێمن بن، جوانترین و باشترین خزمەت بە میوانەکان پێشکەش بکەن، چونکە شوێنەکەمان لەبەر چاوی هەموو جیهان دیارە.

# له زیندانەوە بۆ کۆشکی سپی

له ساڵی ١٩٧٠ رۆزالین کارتر هاوسەری حاکمی ویلایەتی جۆرجیای جاران، ماری برینس هەڵدەبژێرێت، چاودێری ئامی کیژە سێ ساڵییەکەی بکات و بەخێوی بکات. ئەو ژنە زووتر دەستی دەبێت له تاوانی کوشتنی پیاوێک لەگەڵ ئامۆزاکەی دەبێتە شەڕیان، ئەو ژنە گووتبوی لەناکاو و بێ ئەوەی هوشیار بێت تەقە له دەمانچەکەی دەستی دەردەچێت، بەڵام رۆزالین جەخت لەوە دەکاتەوە، ژنەکە بێتاوانە، ئیتر کیژە رەشەکە، دەگاتە ئەو رادەیە بنەماڵەی کارتر بەناوی خۆیانی دەکەن و وەک کیژی خۆیان رەفتاری لەگەڵ دەکەن، له ساڵی ١٩٧٦ کارتر دەبێتە سەرۆک، برینس ماوەی زیندانییەکەی تەواو ببوو، بۆیە بنەماڵەکە کیژەکە دەگێڕنەوە ناو ماڵەکەیان.

پاش چەند ساڵیش له گیرانی ژنەکە، رۆزالین وتبووی ئەو ژنە لەبەر رەنگی پێستەکەی بوو دەگیرێت. چیرۆکی برینس وەک رەشپێستەکانی تر رووبەڕووی رەخنە دەبنەوە، کە له کۆشکی سپی ئیشیان پێکراوە، سەرۆک کارتر له بیرەوەرییەکانی خۆی نووسیبوی:

ئەگەر چاکسازی له یاساکان نەکرابوایە، خەڵکێکی زۆر له رەش و هەژارەکان زوڵمی زۆرتریان لێ دەکرا.

# ناودارترین دایەن

لە شەش مانگی یەکەمی دەستبەکاربوونی برینس، وەک ژنە خزمەتگوزار دەڵێت: من رۆژانە نزیکەی پەنجا نامەم لە رەشپێستەکان بەدەست دەگەیشت، هەموو داوایان دەکرد، لەکن سەرۆک قسەیان بۆ بکەم و خزمە ونبووەکانیان بۆ بدۆزێتەوە، بۆ ئەویش ئەزموونێکی سەیر بوو، یەکسەر لە زیندانەوە بچێتە ناو کۆشکی سپی. میدیاش بڕوای نەدەکرد، کۆنگرێس لەوە بێدەنگ بێت، چۆن ژنێکی تومەتبار بگاتە ناو کۆشکی سپی لەوێ کاربکات، یان چۆن سەرۆک ئەوە قبووڵ دەکات، ژنێک لەو جۆرە منداڵی بۆ بەخێو بکات. باهۆزەکەی میدیا وەرووژاندبووی ئەوەندە ئاسان و سادە نەبوو گوزەربکات، بەڵام بڕوابوون و پتەوی ئەو دەربازی دەکات و خۆی دەگرێت، چونکە مانەوەی لەناو کۆشکی سپی ئاسان نەبوو. برینس بتوانێت لەناو خەڵکەکەی کۆشکی سپی دۆستایەتی پەیدا بکات، چونکە ئەندامانی تاخمەکەی کۆشکی سپی وەک کەسێکی نامۆ و دەرەکی سەیریان دەکرد، چونکە دەیانزانی رابردوویەکی بەگومانی هەبووە. هەندێک لە ئەندامانی تاخمەکەش رقیان لێی بوو، چونکە بێجگە لەوەی سەرۆک هێناویەتی چەندین ئیمتیازاتی تایبەتی پێدابوو، وەک تەرخانکردنی شوقەیەکی نهۆمی سێیەم. هەندێکیش لەبەر دەسەڵاتە زۆرەکەی ئێرەییان پێیدەهات، چونکە زۆریش لە رۆژانەکان قسەی کاریگەر بوو، لەوانە خاتوونی

یەکەم بواری دابوو، بەیەکەوە لەناو یەک پۆول مەلەوانی بکەن، لەنـــاو مەلەوانـــگە تـــایبەتییەکەی کۆشـــکی ســـپی، بەیەکەوە و بەتەنهاش مەلەیان دەکرد.

❊❊❊❊❊

# دووسەرە ریسوای دەکەن

قســـەی زۆر لەســـەر ئەو ژنە دەکەن، هەنـــدێ لە کرێکـــارە سپییەکان، بڕوایان وابوو ئەو ژنە یەکێکی کوشتووە و دەستی بە خـــوێن ســـوورە. هەنـــدێکیان ســـەرکۆنەی دەکەن ژنەکە ویستوویەتی بەو شێوەیە لە مێردەکەی دووربکەوێتەوە، ئەوان نەیاندەزانی ژنەکە بە هیچ جۆرێک تومەتی کووشتنی هەرگیز نەخراوەتە پاڵ و بەوە تاوانبار نەکراوە. برینس بیری لەوە نەدەکردەوە، لەناو کۆشکی سپی رەگەز کێشـەیەک بێت و بەوەش شـــــەرمەزار بکرێـــــت، تـــــا رۆژێکیـــــان گەورە خزمەتگوزارەکەی نامەی بەشێک لە فەرمانبەرەکانی پیشکەش دەکات، ئەوانە گلەییان لەو هەبووە، کە هەندێ لە منداڵەکانی بۆ سەردانی ئەو بە جلی پیس و نارێکەوە دێنە ناو کۆشکی سپی! بەڵام نایەوێ زۆر تووڕەی بکات، پێیدەڵێت من خۆم نەمدیوە منداڵی تۆ، بەو رەوشە سەردانی تۆیان کردبێت، بەڵام گلەیی ئەوەیان هەیە.

برینس ئەوە بە ریسواکردنێکی دووسەرە دەزانێت، یەکەمیان منداڵی ئەو جلوبەرگیان پیس بووە، دووەمیان مانای ئەوەیە دایکیان لە بەخێوکردنی منداڵەکان کەمتەرخەمە و ناتوانێت ئەرکەکانی وەکو پێویست راپەڕێنێت. ئەو وادەزانێت یەکێک لەوانە رەگەزپەرستە، دەیەوێ شـــەرمەزاری بکـــات چـــونکە بەرەگەز ژنە رەشـــێکی ئەفـــریقییە، یـــان مەبەســـتیانە تـــۆڵە لە

سـەرۆک کـارتر بـکەنەوە، کە لەنـاو زینـدان دەریهێنـاوە و هێناویەتی ناو کۆشکی سپی.

بەڵام ژنەکە لەو کێشەیەش دەربازی دەبێت، ئیشـەکانی خۆی لەناو کۆشکی سپی سەربەرزانە کۆتایی پێدەهێنێت، پەیوەندییە گەرمەکـانی لەگەڵ خێـزانەکەی لە زینـدان دەربـازی کـردووە رادەگرێـت. ئێسـتاش ئەو لەنـاو خـانوویێکی نزیـک لە بنەمـاڵەی کارتر لە شاری بلینزی ویلایەتی جۆرجیا دەژیت، رۆژانەش بۆ هاوکاریکردنیان لە بەخێوکردنی نەوەکانیان سەردانیان دەکات.

گەورەی خزمەتگوزارەکـان نیلسـۆن پیـرس، دەیزانـی رووبەڕووی کێشـە دەبێـتەوە، دەبـوایە ئەوەش زوو چارەسـەر بکـات. ئەو گەنـج بـووە لە سـاڵی ١٩٦١ دەبێـتە بەرپرسـی خزمەتگوزارەکـان، بەرپـرس بـووە لە سـازکردنەوە دۆسـیەی تـاخمی کرێکارەکـانی کۆشـکی سـپی. رۆژێکیـان چـاوی بە مووچەی کارمەندەکانی دەکەوێت، سەرسـام دەبێت کە دەزانێت مـووچەی کارمەنـدە سپییەکان دوو بەقەد کارەمەنـدە رەشـەکان بـووە. لەگەڵ دەرکەوتنـی ئەو زانیـارییە ترسـناک و سەرسوڕهێنەرەش، سـەرۆک جۆنسـۆن یەکەم وتـاری (رەوشـی کۆمـاری) بەرنـامەی (شـەڕی بەردەوام و بێ پسـانەوە بەسـەر هەژاری) رادەگەێنێت، لەودەمـانە هێڵـی هەژاری دەگەیشـتە سـێ هەزار دۆلاری ساڵانە، یان کەمتر.

# هێرشکردنە سەر سەرۆک

دەرکەوت هەژاری لەبن پەراسووەکانی سەرۆک هەبووە، لەوێ پۆستە باشەکان، وەک گەورەی خزمەتگوزارەکان، شێفە گەورەکان، بەرپرسەکانی بەخێوکەری منداڵان و دارتاش و تەنکەچی و گوڵدانەرەکان، ئەوانەی پیشەیان هەبووە، مووچەکانیان زۆر بووە، هەمووشیان سپیپێستەکان بوون. بەڵام پیشە ئاسابییەکان وەک خزمەتکردن و کرێکارەکان بەر رەشەکان کەوتبوو، کە بەرێژەیەکی کەمتر مووچەیان وەردەگرت. هەموویان مووچەکانیان نیوەی ئەوە بوو، لە دەرەوە و لە کەرتی تایبەت دەدرا بە کرێکاران، ئەگەرچی مووچەی کارمەندانی کۆشکی سپی زۆر باش و لە خەڵکی تریش زۆرتر بوو. لە ١٩ی ینایر گەورەی خزمەتگوزارەکان بیرس بە جی بی ویست دەڵێت: دەمەوێ قسەت لەگەڵ بکەم، دەزانیت سەرۆک دوو کەسی لە هەژارەکان دامەزراندووە. بیرس پێیدەڵێت: بەر لەوەی میدیاکان بزانن ئێمە لە کۆشکی سپی کاردەکەین، با کۆشش بکەین مووچەی ئەو دووو ژنە خزمەتگوزارەی کەمترە لە ٢٩٠٠ دۆلار ساڵانە زیاد بکەین. ویست دەیزانی مووچەی دوو ژنە خزمەتگوزارەکە کەمە، هەر ئەویش هەردووکیانی دامەزراندبوو، بەڵام بیری لەوە نەکردبووە مەسەلەی مووچەکانیان دەگاتە بەردەم رۆژنامەگەری و دەبێتە بیانووێک هێرش بکرێتە سەر سەرۆک، بۆیەش بەپەلە مووچەی هەردوو ژنەکە زیاد دەکەن.

# دەزگایەکی سەربازی

بەڕێوەبەری کۆگاکان بیل هاملتۆن، بانگەشەی ئەوە دەکات مووچەی کارمەندە ڕەشەکان یەکسان بکرێت بە کارمەندە سپییەکانی کۆشکی سپی، ئەوەش بەپێچەوانەی ئەو کاردانەوە بوو، کە فیلمی (گەورەی خزمەتگوزارەکان)ی دەرهێنەر لی دانییل، لەسەر ژیانی یوجین ئالین سازکرابوو، تێدا کەسایەتییە سەرەکییەکەی ناو فیلمەکە داوا لە ئۆفیسی سەرۆکی خزمەتگوزارەکان دەکات مووچەکەی زیادبکەن، چونکە ئالین زۆر شەرمن بووە و زۆریش پابەند بووە بە ڕێورەسمی کاروبارەکان، ئاسان نەبوو جورئەتی ئەوە داوا بکات. هاملتۆن وا نەبووە، ئەو هەر پەلارێک دوور لە کۆشکی سپی لەدایکبووە، دایکی لەماڵەوە خەبات دەکات دە منداڵەکەی بەخێو بکات، پاش ئەوەی لە ناوچەی کابیتول هیل دەژیت، داوای لێ دەکەن بگەڕێتەوە ناویان، بەڵام نایەوێ جارێکی تر، لە ناوچەی سپیپێستەکان بژیت، هاملتۆن لە تەمەنی بیست ساڵییەوە وەک خزمەتگوزارێک لە کۆشکی سپی لە سەردەمی ئایزنهاور دەستبەکار دەبێت، کۆشکی سپی وەک دەزگایەکی سەربازی بەڕێوەدەبات، هاملتۆن لە کاتژمێری نۆی بەیانییەوە، تا پێنجی ئێوارە لە یەکێک لە کۆگاکانی کۆشکی سپی بۆ بەخێوکردنی خێزانێک، بە حەوت منداڵەوە، لەوانە چواریان بەیەکەوە لە زانکۆ دەیانخوێند کاردەکات، شەوانەش تا یازدەی شەو شوفێر بووە، ئەو دەڵێت: من وەک سەگ کارم دەکرد، بەڵام پەرۆش بووم لە کۆتاییەکانی هەفتە لەناو خێزانەکەم ئامادەبم.

## گورباتشۆف

هـــاملتۆن دەبێژێـــت کە ســـەرۆک دەگۆڕێـــت، فەرمـــانبەرە نوێیەکـان بەناشـیرینەوە سـەیری خزمەتگوزارەکانیـان کـردووە، بەڵام من قبووڵم نەکرد، دەنگم لەسەریان بەرزکردەوە و ئەوەش گوزارشت بوو لە نائومێدی.

لە شیستەکان و حەفتاکـان کارمەندەکانی نـاو کۆشـکی سـپی، سپیپێســـــەکان، وەک قاپشــــۆر و خزمەتگــــوزار ســــەیری رەشپێستەکانیان کـردووە، کەسـانی بەرپرسـی کۆگاکـان خەڵکـی بەختیاربوون، پۆست و پیسەی باش و جێگیریـان هەبـووە، لۆنی بانش دەبێژێت، وەرگرتنی پیشەی تایبەتی باش، هەستکردبوونە بە شانازی و گەورەیی. ئەوەشی بەوە دەگەڕاندەوە، هەستکردن بە شــانازی و پیشـــەکە بـۆ ئەوە بـووە، هەنـدێ لە بنەماڵەکـان پیشەکانیان لەباوکیانەوە بۆ نەوەکانیان جێهێشتبوو.

بەڵام نەوە لەدوای نەوە، ئەمـریکییە رەشـــەکان ئیشـــکردنیان لەنـاو کۆشـکی سـپی تەنهـا بـۆ کـارکردن بـووە، بەڵام بـوونی پیشەش ئەرکێکی زیاد و قوورسە. دەبوایە ئیشی باش و ساز بکەن تا پێگەکانیان بپارێزن، خەون و هیوایان بۆ نەوەکانی پاش خۆیـان هەڵـدەگرت، مەبەسـتیان بـوو خۆیـان وەک کەسـایەتی بەتوانـا نیشـان بـدەن. هەنـدێجاریش بـوونی کەسـێکی رەش بە بەرپرسـی گەورەی خزمەتگوزارەکـان، دەبـووە مـایەی رامـان و هەڵوەسـتەکردن، کـریس ئـایمیری بەرپرسـی خزمەتگوزارەکـان،

ئەوە دەگێڕێتەوە، کە میخائیل گۆرباشۆف دەگاتە ناو کۆشکی سپی، هەموو خزمەتگوزارەکان دەست بە چەتر دەچن بۆ هەڵکردنی چەترەکانیان، نەوەک باران گورباتشۆف و رۆنالد ریگنی سەرۆکی ئەمریکی تەڕ بکات، لەودەمانە بەرپرسی خزمەتگوزارەکان گاری ولترز کە دەبینێت، هەموو خزمەتگوزارەکان رەشپێستن، کەسی سپییان لەناودا نییە، هەست بەو شکانەوە و نیگەرانییە دەکات، بۆیە داوا لە چەند خزمەتگوزارێکی سپی دەکات، ئەوانیش دەست بەچەتر بەرەو هەردوو سەرۆک بڕۆن و یارمەتی هاوڕێیە رەشەکانیان بدەن.

*****

## لەسەر هێڵەکانی رووبەڕووبونەوە

هیرمان تومبسۆن، پیاوە خزمەتگوزارەکەی ناو کۆشکی سپی، ئەو لە یەکەمـــین قوتابخـــانەی تـــێکەڵاوی رەش و ســـپییەکانی خوێنـدبوو، بـۆیەش رووبەڕوو دژ بە پاکتـاوی نەژادی دەوەستێت. ئەو لە رۆژانـــی خوێنـــدن نەژادپەرســـتی و رقەکـــانی دیبـــوو، لەو رەوشـــەدا ژیـــابوو، بـــۆیە وەک کەســـێکی یـــاخی دەردەکەوێـــت. تۆمبسۆن لەناو کۆشکی سپی، زۆرتر لەناو ژیانی شارەکان هەمـان نەژادپەرســـتی دەبینێـــت، لەوێـــش دەیەوێ رووبەڕووی ئەو دۆخە ببێـــتەوە، بەڵام بە ئاراســـتەیەکی نهێنـــی، نەک وەک کردەوەکـــانی هـــاملتۆن. هەتـــا ســـەردەمی بەڕێـــوەبەرایەتی نیکســـۆن رەشـــەکان بەدڵەی درێژیـان لە داوا و گردبـوونەوە رەسـمییەکان لەبەردەکـرد، بەڵام دوایـــی ئەو دەگـــۆڕن و نایـــانەوێ هەســـت بە بـــوونی جیـاکردنەوەی کـۆمەڵایەتی لەنـاو کارکەرەکـان و میوانەکـان بـکەن. تۆمبسۆن و هاوڕێیەکانی ئەو بڕیارە، بە وەرچەرخـانێکی گرینگ و گـۆڕانی جیهـان دەزانـن. ئەوەش مانـای ئەوە نەبـوو، جیاوازییەکـان نەمـاوە، بەڵام گۆڕانێـک هەسـتی پێـدەکرا. زۆر لە دەسـتەواژەکانی سپییەکان بە رەشـەکانیان دەگووت، بەتایبەتی لەنـاو کۆشـکی سـپی، زانیارییەکانیش زۆر بەپەلە لەناو کۆشکی سپی دەگوازرایەوە. بیل هـــــــاملتۆن و هیرمـــــــان تومبســـــــۆن، ئەوانەی رووبەڕووی جیاکردنەوەکان دەبنەوە لەناو کۆشک، لەگەڵ ئەوانی تر، کە بێهودە و بەئاسایی سەیری رەوشـەکەیان دەکـرد، جیـاوازی هەبـوو، لەوانە یوجین ئالین و لینوود ویستری و جیمس رامزی.

# پونتێکی ڕەش

گەورەی خزمەتگوزارەکان ویستراى کەسێکی زۆر لێبووردە بووە، بەڵام وتارەکەی حاکمی جۆرجیا جۆرج والیس، ئەوەی دروشمی (ئێستا جیاکردنەوە، بەیانییش هەر جیاکردنەوە، هەمیشە جیاکردنەوە) بە خاڵێکی ڕەش لە مێژووی سیاسیەتی ئەمریکا دەزانێت، بەڵام ئەو حاکمە، پاش ئەوەی لە ساڵی ١٩٧٢ لە هەولێکی تیرۆر دەربازی دەبێت، دەیەوێ هەڵەکانی ڕاست بکاتەوە و هەڵوەستەیەک لەسەر بۆچوونەکانی بکات، لەگەڵ ڕەشەکان ئاشتبێتەوە و پردی پەیوەندییان لەگەڵ ببەستێت. بۆیەش هەر جارێک کە هاتووتە ناو کۆشکی سپی، کۆششی کردووە خزمەتگوزارە ڕەشەکان ببینێت و قسەیان لەگەڵ بکات، ڕەشەکانیش نەیاندەویست پشتی تێبکەن و لەگەڵی دادەنیشتن.. بەیەکەوە دادەنیشتن و قسە و بەرزمی خۆشیان ساز دەکرد، بۆیەش هەموو پێویستییەکانیان بۆ دابین دەکرد و زمانیان لە گووتن و قسەی تر دەگرت. ویستروای باس لە مەسەلەیەکی تر دەکات، هەندێجار خەڵکەکە ڕەوشت و ڕەفتاریان لەگەڵ ڕەشەکان باش بوو، چونکە دەیانزانی ئەوانە ڕۆژانە هاموشۆی گەورە بەرپرسەکانی جیهانیش دەکەن، لەوانە سەرۆک و پاشا و شازادەکان.

# نیگایەکی سەیر

لە دەرەوەی کۆشکی سپی مەسەلەکە جیاوازە، چیرۆکەکە شتێکی ترە. ویستروای چیرۆکی برادەرەکەی ئارمستید بارنیت دەگێڕێتەوە، ئەوەی لە سەردەمی فرانکلین رۆزفلت لەناو کۆشکی سپی ئیشیکردووە و تێدا ژیاوە، دەڵێت:

رۆژێکیان برادەرەکەم سواری تاکسییەک دەبێت بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە ماڵەوە، بە شوفێرەکەی وتبوو، بۆ ماڵەوەم بەرەوە لە بنسلڤانیا ئاڤینو، بەڵام شوفێرە سپییەکە نەیویستبوو سواری بکات، پێی دەڵێت:

بڕوا ناکەم هیچ رەشپێستێک لە کۆشکی سپی بژیت، بەڵام دوایی سواری دەکات، کە دەگەنە بەردەم دەروازەی کۆشکی سپی، پیاوە رەشەکە لەبەردەم شوفێرەکە دەچێتە ناو کۆشک و کەسیش داوای ناسنامەی لێ ناکات، ئیتر بەو دیمەنە شوفێرەکە سەرسام دەبێت، چۆن پیاوێکی رەش لەناو کۆشکی سپی دەژیت.

# لۆسەر کینگ

پێش تیرۆرکردنی بە سێ مانگ، سەرۆک جۆن کینیدی داوا لە گەورە بەرپرسی خزمەتگوزارەکانی کۆشکی سپی دورمان بریستۆن بروس دەکات، لە رێورەسمی پتەوکردنی مافەکانی مەدەنی لەناو کۆشکی سپی، ئامادە بێت، لەوێ گوێ لە گوتارە گرینگە ناودارەکەی مارتن لۆسەر کینگ بگرێت، رۆژەکەش یادی سەرۆک ئابراهام لینکۆلن بووە.

رەشەکانی ناو کۆشکی سپی زۆر سەرۆک کینیدییان خۆشدەویست، یوجین لەماوەی سی و چوار ساڵی کارکردنی یەک رۆژ دوانەکەوتووە، هەرگیز شکایەت و گلەیی لە هاورێ و سەرۆکەکانیش نەکردووە، یان سەرۆکێک و هاوسەرەکەی.

## خزمەتگوزارەکان لەبەر بەرژەوەندی کۆشک، نهێنییەکان دەپاراست

ئالین ئەوەی لە ساڵی ٢٠١٠ کۆچیدوایی دەکات، دواکەس بوو، کۆششی کردبێت فیلمێکی لەسەر ژیانی دروست بکەن، ئەو کەسێکی شەرمن و بەرێز بوو، هەرگیز نەیدەویست لە دەزگاکانی راگەیاندن قسە بکات، بەڵام هاوسەرەکەی هیلنی، بەردەوام کۆششی دەکرد بە خەڵکەکە بڵێت مێردەکەی چ جۆرە خزمەتێک بە نیشتمانەکەی دەکات.

جیمس رامزی، ئەویش هەمان بۆچوونی هەبوو. ئەو لە کێڵگەکانی تووتنی ویلایەتی کارولاینای باکوور ئیشیکردبوو، دوایی بواری بۆ سازدەبێت لە کۆشکی سپی کاربکات، حەزی نەدەکرد، لەکن بەرپرسەکەی، شکایەت لەکەس بکات، ئەگەرچی کێشە و گرفتی زۆریشی دەهاتەپێش، لەگەڵ کەسی بەرامبەری دادەنیشت و دانوستانی دەکرد، وایدەزانی ئەوەیان باشترە، نەک بچێت گلەیی بکات، لەبەردەم بەرپرسی خزمەتگوزارەکان حاڵی دەردی خۆی بگێڕێتەوە. رامزی زۆر رووبەڕووی هەڵوێستی نەژادپەرستی نەبوویتەوە، بەردەوام شاناز بووە، دەیووت لەناو کۆشکی سپی زۆر مامەلەی جوان و باشم لەگەڵ کراوە. ئەو پیاوێکی قسەخۆش و نوکتەچی بوو، هەموو دەرد و ناخۆشییەکانی هەر بەو بەزمانە بەرێدەکرد، کۆسپەکانی نەژادپەرستی تا ئێستاش ماوە، ئەو گرفتەکانی دەرباز دەکرد، شێف فرانک روتا دەیووت رامزی زۆر بایەخی بە دیاردەکانی نەژادپەرستی نەدەدا و کەم رووبەڕووی هاتووە.

# تایبەتمەندی

لە ساڵی ١٩٥٩ جیمس جیفریز لە تەمەنی حەڤدە ساڵییەوە، لەگەڵ خێزانەکەی دەست دەکات بە ئیشکردن لەناو مەتبەخەکەی کۆشکی سپی، سێ مامی خۆی لەو شوێنە ئیشیان دەکرد، لەکاتی پێویست یارمەتییانداوە. ئەو لەبواری شیرنەمەنی ئیشکردووە، بەر لەوەی بچێتە بەشی ساردەمەنی چوار ساڵ لە مەتبەخ ئیشیکردووە. جیفریز کۆتایی هەفتەکان لیستی سەعاتەکانی کارکردنی لەبەردەم هنزی هالر بەڕێوەبەری راپەڕاندن دادەنا ئیمزای لەسەر بکات، تا مووچەکەی بۆ سەرف بکەن. ڕۆژێکیان فەرمانبەرێکی سپی شکایەتی لێدەکات چۆن قاپشۆرێکی رەشی وەک ئەو، پارە لەو زۆرتر وەربگرێت؟ کە جیفریز ئەوە دەزانێت تووڕە دەبێت، وتبووی بۆیە مووچەکەم لە تۆ زۆرترە، چونکە من سەعاتی زۆرتر ئیش دەکەم، بۆیەش دەچێتە لای بەڕێوەبەرەکەیان هنری و داوای لێدەکات، ناکرێ کەس سەیری لیستی مووچەکەی بکات، چونکە ئەوە شتێکی تایبەتییە، ئیتر هنری دان بەوەدادەنێت مافی خۆیەتی و ناکرێ کەس سەیری لیستی مووچەکەی بکات. تاخمەکەی ناو کۆشکی سپی کەسانی بەپارێز و توند بوون، بەڵام ئەوانیش هەر مرۆڤن، مرۆڤیش وایە قسە دەکەن، لەسەر خوانەکانیان دانوستان دەکەن و بابەتی باڵکێشیش باسدەکەن، لەناو قسەکانیان بابەت و ڕووداوی سەیر و بەزمی خۆشیش دەگێڕنەوە.

وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی بیس ئیبل، ئەوە دەگێڕێتەوە کە سەرۆک جۆنسۆن لە ساڵی ١٩٦٦ داوای تاخمێکی چینی نوێ دەکات، بۆیەش لیدی بیروی هاوسەری لەگەڵ دیزاینەرەکانی هەردوو کۆمپانیای تیڤانی و کاستلیتون تشاینا پەیوەندیەکی باش دروست دەکات، قسەیان لەو بابەتەوە لەگەڵ دەکات، تا بتوانن دیزاینێک دابنێن، جوانییەکانی ڕێگا و باخچەکانی ئەمریکی لەناو دیزاینەکانیان ڕەنگ بداتەوە.

پاش گەیشتنی تاخمەکە، دەرکەوت دەستەیەکی زۆر جوانە، بەڵام لەناو دەفرەکانی شیرنەمەنی چەندین گوڵی گونجاوی جوانی لەسەر نەبووە، بۆیە ئیبلی وەزیری تاخمەکە دەفەوتێنێت.

******

# دەربازبوون لە کۆتەکان

ترافیس بریانت، یەکێک بوو لە شوفێرەکانی ناو کۆشکی سپی، ئەو یەکەم کەس بـــووە لە خزمەتگوزارەکـــان لە ســـاڵی ١٩٧٥ لە کتێبیک باسی هەوەستبازییەکانی نێوان سەرۆک کینیدی و جاکلینی هاوسـەرەکەی کـردووە، هەمـوو کارکەرەکـانی نـاو کۆشـکی سـپی دەیـانزانی چ لەنـاو کۆشـک دەگوزەرێـت، بەڵام لەبەر پیـرۆزی و پاراستنی دەزگای سەرۆکایەتی ئەمریکی نهێنییەکانیان پاراستووە، سکرتێری رۆژنـامەگەری سـەرۆک کینیـدی پیـر سـالیگز وتـوویەتی کۆشـکی سـپی داوای لە کارمەنـدەکانی کـردووە نهێنییەکـانی نـاو کۆشـک بپـارێزن، ئەوەشـیان راشـکاوانە پێراگەیانـدون، پاراسـتنی نهێنییەکـان کـارێکی نیشـتمانییە! میلتـۆن فریمـی دارتـاش وتـوویەتی کۆشـکی سـپی داوای لە هەمـوو کارمەنـدەکانی کـردووە قسـە بـۆ میـدیا و دەزگاکـانی راگەیانـدن نەکەن، ئیمزایـان لەسـەر بەڵێنێـک کـــردووە پـــاش  بیســـت ســـاڵ لە خانەنشـــینبوونیان دەتـــوانن بیرەوەرەکانیان بنووسنەوە!

بەڵام کتێبەکەی بریانـت ئەوە ئاشـکرا دەکـات، سـەرۆک کینیـدی ماوەی دوورکەوتنەوەی جاکلینی ژنـی چیکردووە، ئەو ژنە مـاوەی دوورودرێـژ لەدەرەوەی کۆشک دەمـایەوە و حەزی نەدەکرد لەبن کـۆت و بەرنامەکـانی کۆشـک ببەسـترێتەوە، بـۆیە مـاوەی درێـژ لە بـــاخی بنەماڵەکەیـــان لە ڤیرجینیـــا دەمـــایەوە، لەوێ بنەمـــاڵەکە خانووێکیان لەنزیک باخەکەش بۆ حەوانە دروستکردبوو.

# ئەسانسۆرەكە ترسناكە

لەودەمـــانەی خـــاتوونی یەكەم لە كۆشـــك دووردەكەوتەوە، ســـەرۆك ئـارەزووی دەكـرد بەرووتـی لەنـاو گـۆمە فێـنكەكەی كۆشـكی سـپی مەلەوانـی بكـات، گۆمەكە لە سـاڵی ۱۹۳۳ لەلایەن ســەرۆك رۆزفلـت وەك چارەســەرییەك بـۆ نەخۆشــی ئیفلیجـی منــداڵان دروســتیكردبوو، زۆریــش كینیــدی ژنە هاورێییەكــانی ئەوانەی وەك سكرتێر لە كۆشكی سپی ئیشیانكردبوو دەهێنایە نـاو ئەو گـۆمە، كە دەزانـن هەنـدێ لە پیاوەكـان سـەیری دەكەن، داوا دەكەن ئەوانە دووربخەوە.

رۆژێكیان بۆ چاكردنەوەی كەماسییەكی ناو گۆمەكە، داوا لە یەكێـــك لە گەورە خزمەتگوزارەكـــان دەكرێـــت، ســـەردانێكی پوولەكەی مەلەوانی بكات، دەبوایە لەودەمانەش كەسی نزیک لە خێزان و كەسایەتییەكانی كۆشک لەوێ نەبن، بەڵام كرێكارەكە كە دەرگـای پوولەكە دەكاتەوە، دەبینێت راوێژكاری سەرۆک و هـــاورێیە نـــزیكەكەی دیـــڤ بـــاورز بەرووتـــی لەگەڵ دوو ژنە ســكرتیری ســـەرۆك دانیشـــتوون، ئەویـــش بەپەلە دەگەڕێـــتەوە، زۆریـــش دەترســـێت لەســـەر كـارەكە دەریـبكەن، دەڕوات، بەڵام كەس لەســەر ئەو رووداوە قســەی لەگەڵ ناكـات. كارەكەرەكـانی نـاو كۆشـكی سـپی دەیـانزانی كە جـاكی لەدەرەوە دەبـوو، بۆیـان نەبوو بچنە نهۆمی دووەم، شـەوێكیان بریانت بۆ سەرپەرشتی كارێـک دەچێـتە نهۆمی سـێیەم، بەڵام ئەسانسـۆرەكە بە هەڵە لە

نهۆمی دووەم رادەوەستێت، لەویَ گوێی لە قسە و هەڤپەیڤینی خۆشەویستی دەبێت، برادەرێکی ئەویش لەناو مەتبەخەکە ژنێکی بەرووتی دیبوو. کە جاکی ژنەکەی سەرۆک لەدەرەوەی کۆشک دەبێت، بەکارهێنانی ئەسانسۆرەکە مەترسی دەبەخشێت، وەک بریانت دەڵێت:

جۆنسۆن لەناو فەرمانبەرەکان قسەی زۆر دەهێناودەبرد، زۆریش لەگەرمەی ئاهەنگەکان کیژە جوانەکانی دەبردە پەناوە، روومەتی ماچدەکردن، زۆرجار سۆراوی لێوی لەسەر رووی بینراوە، ئەوەش لەلایەن ژنەکە دیتراوە، بۆیە دەبێتە شەڕیان.

******

# موڵکی میللەت

خزمەتگوزارەکـان لەکـاتی ئاهەنگەکـانی کۆشـکی سـپی زۆر رووبەڕووی نـاڕەحەتی دەبنەوە، زۆر لە میوانەکان دەیانویست بەر لەوەی بچنە دەرەوە یادگارییەک لەنـاو کۆشکی سپی لەگەڵ خۆیان ببەنە دەرەوە، ئینجا یادگارییەکە هەر شتێک بێت، بۆیەش خزمەتگوزارەکـان بەردەوام وریـا دەبـوون، چاویـان لەوە بـوو نەوەک یەکێکیان شتێک لەگەڵ دەستی خۆی بباتە دەرەوە، بەڵام شـتەکانیان بەنەرمـی و دوور لە شـکانەوە دەکـرد، ئـان لینکـولن یاریـدەری جـاکی کینیـدی وتبـووی سـاڵانە دەیـان گەنجینـەی بەهادارمـــان لەنـــاو کۆشـــکی ســـپی لـــێ ون دەبێـــت، ئەو ژنە وتـوویەتی خەڵکەکە لەنـاو کۆشـک شـتەکانیان بە مـوڵکی مـیللەت زانیـوە، بـۆیە دەسـتیان بـۆی بـردووە، ئەوەش بەدزی نـازانن. کە شاژنی بریتانیا ئیلیزابیت لە ساڵی ١٩٧٦ سەردانی کۆشکی سپی دەکـــات، لەبەرئەوەی زۆرجـــار ســـەردانیان کردبـــوو، بـــۆیە خزمەتگوزارەکـان ناسـیویانە و بـۆ چـوونەژوورەوە پێشـوازیان لێی کردووە.

ئەوان چـاوەڕوانی هـاتنی ئەسانسـۆرەکە دەکەن، تـا شـاژن سـەربخەن، لەناکـاو دەرگـاکە دەگـرێتەوە و کـوڕەکەی سـەرۆک جاک فۆردی تەمەن بیست ساڵە، بە پانتۆڵی جینز و تی شێرت دەردەکەوێـــت، ئەوەش دوور بـــوو لە ئەتەکێتـــی پێشـــوازی میوانەکـان، کە ڕۆژی پێشـوازی شـاژنی بریتانیـا بـووە، بەڵام

شــاژن نــایەوێ کــوڕەکە شــەرمەزار بێــت، بەنــازەوە پێیــدەڵێت: نــیگەران مەبە، کــوڕەکەی منــیش لەنــاو مــاڵەوە ئەو جــۆرە جلوبەرگە لەبەردەکات، ئاساییە.

# ئەلفیس بریسلی

لە ٢١ی دیسمبەری ساڵی ١٩٧٠ دیمەنێک روودەدات ئاسان نییە ئەو دیمەنە لەو رەوشەی ئیمڕۆ کە بە هەموو شێوەیەک ئاسانکاری بۆ بەرقراربوونی ئاسایش کراوە، رووبدات. لەناکاو میوانێکی چاوەڕواننەکراو دەردەکەوێت، ئەویش ئەلفیس بریسلی بوو، داوای دەکرد سەرۆک نیکسۆن ببینێت، داوایەکی سەیری کردبوو، هاتبوو بیکەنە کارمەندێکی نهێنی موخابەراتی فیدراڵی. دەرئەنجام دیمانەکە ئاهەنگێکی بچووکی لێدەکەوێتەوە و کۆشکی سپی دەرازێنێتەوە، ئەوەی باش بوو، ئەو رۆژە رۆژی لەدایکبوونی فەرمانبەرێکی ناو کۆشکەکە بوو، بەیەکەوەش گۆرانی (هەپی بیرت دەی تۆ یوو) دەڵێنەوە.

❊❊❊❊❊❊

# دیاری سەرۆک

داواکەی ئەو ڕەتناکرێتەوە، دەچێتە ناو کۆشکی سپی، یەکێک لە ئەفسەرەکان دەستی لەسەر شانی دادەنێت و پێی دەڵێت: فەرموو وەرە ژوورەوە، بەڵام بەر لەوەی بچنە ژوورەوە ئەفسەرەکە لە بریسلی دەپرسێت:

ئایا کەس لە پاسەوانەکانت چەکیان پێ نییە، ئەویش دەڵێ بەڵێ، یەکێکیان دەمانچەیەکی پێیە، بۆیە داوای لێدەکەن دەمانچەکەی لەکن پاسەوانەکەی دەرگاکە دابنێت، بەڵام بریسلی دەڵێت، دەمانچەکەی جۆری کۆلت ٤٥ بوو، دانانێین، چونکە هێناومە بیدەنە سەرۆک و دیارییە و پێشکەشی دەکەم.

ئیڤانیس سیلڤا زۆربەری کاتەکانی لە بەشی ماڵەوە لە هەردوو نهۆمی دووەم و سێیەمی کۆشکی سپی بەسەردەبرد، هەموو کاروبارەکانی بەدروستی بەڕێوە دەبرد و بەوردییەوە خزمەتەکانی دەگەیاند، کە سەرۆک و خاتوونی یەکەم لەدەرەوە دەبوون، دەیانتوانی بچنە ناوەوە و ئازادانە ئیشەکانیان بکەن و کەسیش ناڕەحەت نەکەن، بەڵام ئێوارەیەکیان ڕەوشەکە ئارام تێناپەڕێت. بەرنامەکە وابوو، ئیشکردن لەو بەشە بە چوار ژنە خزمەتگوزار دەکرا، دوو لەو ژنانە بەیانییان و دووەکەی تریان ئێواران ئیشیان دەکرد، ڕۆژێکیان سیلڤا سەعات پاش پێنج و نیوی ئێوارە، وەک بەرنامەی ئاسایی خۆی، دەچێتە ژووری نووستنی سەرۆک ریگن، بەڵام زۆری پێ سەیر دەبێت، کە

دەبینێت سەرۆک بەڕووتی دانیشتووە و رۆژنامە دەخوێنێتەوە. بــێ ئەوەی ژنەکە بــوار بــدات ســـەرۆک یەک وشـــەی لەدەم دەربچێـــت دەچێـــتە دەرەوە و لە ژوورەکە دەردەپەڕێـــت، بەو دیمەنە زۆر سەرسام دەبێت.

******

# سەخڵەتی ریگن

پاش چەند رۆژێک سەرۆک ژنەکە دەبینێتەوە، لێی دەپرسێت، دەزانی پیاوەکەی رۆژەکە هاتبووە ژوورەکەم کێ بوو؟ ئەویش بەشەرمەوە دەڵێت نەخێر گەورەم! ئەگەرچی ژنەکە دەیزانی چیکردووە، من بووم ئەوم بەڕووتی دیوە، بۆیەش دەبوایە قسەیەک هەر بکات، بۆیە بەو شێوەیە لێی دەپرسێت.

رەنگە ریگن بەجۆرێک لە جۆرەکان سەخڵەت بووە، دیارە ئارەزوویکردووە ماوەیەک بەڕووتی دابنیشێت و تام لە رووتبوونەوەی خۆی وەربگرێت، ماوەماوە کە تەنها بووە حەزی لەوە کردووە، ئەگەرچی ژمارەیەک لە کارمەند و تاخمی فەرمانبەرەکانیشی نارەحەت کردووە و پێیان خۆش نەبووە، سەرۆک بەڕووتی ببینن.

هەمان رووداو لەگەڵ سکیپ ئالینی خزمەتگوزاری پیاو روودەدات، ئەو دەچێتە ژوورەکەی دەیەوێ شتێکی بۆ ببات. کە لە سەرۆک دەگەڕێت دەبینێت لەناو حەمامە، لە دەرگاکەی دەدات، سەرۆک ریگن هاوار دەکات، کێیە؟ سکیپ وەڵامی دەداتەوە:

منم، شتێکم بۆت هێناوە، دەبێ لەسەر وەرگرتنەکەی ئیمزایەکم بۆ بکەیت.

ریگن بەڕووتی لێی دێتە دەرەوە، ئیمزاکەی بۆ دەکات، ئەو دەچێتەوە ناو حەمامەکە، پیاوەکەش دەچێتە دەرەوە.

# دوو برادەر

هەر لەورۆژە، دووبـارە سـکیپ پۆسـتێک وەردەگرێـت، بیـداتە سەرۆک، دەبوایە بەدەستی خۆی وەریبگرێت، سـەعات نۆی ئێوارە بـوو، لەودەمـانەش سـەرۆک و ژنەکەی دەخەوتـن، دەبـوایە سـکیپ بچێتە ژوورەکەیـان و ئەمـانەتەکەی بداتە سـەرۆک، لە دەرگاکەیـان دەدات، نانسی ریگن دەپرسێت:

کێ لەدەرگا دەدات؟

ئەویش دەڵێت:

مـنم سـکیپ ئـالین لە نووسـینگەی خزمەتگـوزارییەوە، پۆسـتێکم بۆت هێناوە. ئەویش پێیدەڵێت: فەرموو وەرە ژوورەوە.

لەودەمانە ریگن تەنها جلی ژێرەوەی لەبەردا بووە کە پێشوازی لە پیـاوەکە دەکـات، بـۆیە نانسـی وتبـووی: دەبـوایە رۆبێکـت لەبەرکردبـوایە ریگـن! لە وەڵامـدا ریگـن دەڵێـت: هەردووکمـان برادەرین... هەموویان پێدەکەنن.

جـۆری پەیوەنـدییەکانی سـەرۆک و هاوسـەرەکەی لەگەڵ کارگوزارەکان، فەرمانبەرەکانی کۆشکی سپی بە سـەرۆک گۆڕاوە. ریگـن قسـەی لەگەڵ دەکـردن، نـوکتە و بەزمـی خۆشـی بـۆ دەگێـڕانەوە، بەڵام بۆشـی بـاوک و باربـارە زۆرتـر بەسـۆزەوە قسـەیان لەگەڵ خزمەتگوزارەکـان کـردووە و پەیوەنـدییەکان گەرم بووە، رێزیان دەگرتن، بەردەوام لە خۆیان و منداڵەکانی دەپرسـین، کە خزمەتگوزارەکـان مـاوەیەکی زۆر لە خێزانەکانیـان دووردەکەوتنەوە.

# گیانبازییەکانی سەرۆک

هەموو کارمەند و خزمەتگوزارەکانی ناو کۆشک سەرسام دەبن، کە دەبینن، ژنێکی سیاسەتمەداری ناودار لەگەڵ خێزانەکەی سەردانی کۆشکی سپی دەکات و دەیەوێ بچێتە نهۆمی دووەم، خۆی وانیشان دەدات کە پێشتر نەهاتووتە ژووری نووسستنەکەی سەرۆک، بەڵام لەڕاستی هەموویان دەیانزانی ئەو ژنە لەگەڵ سەرۆک لە ژووری نووستنەکەی لەناو کۆشک چەندین جار ماوەتەوە! بریانت هەرگیز لە سەردەمی حکومی کینیدی باسی گیانبازییەکانی سەرۆکی بۆ هاوسەرەکەی و کەسی تریش نەکردبوو، بەڵام ئەوەش مانای ئەو نەبوو، کرێکار و خزمەتگوزارەکان لەنێوان خۆیان بە چرپە و توانجێک قسەیان لەسەر گیانبازییەکانی سەرۆکەکان نەکردبێت..

---

بە زنجیرە لە نۆڤمبەری ساڵی ٢٠١٥ لە رۆژنامەی ئەلقەبەسی کوێتی بڵاوکراوەتەوە.

**شێرزاد هەینی**

لە دایکبووی: ١٩٥٥ هەولێر.

دەستپێک: سەرەتای حەفتاکان.

ئاستی خوێندن: خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە هەولێر تەواوکردووە. دەرچووی ئامۆژگای تەکنەلۆژیای (رووپێوی)، بەغداد.

کارنامە: خانەنشین

* هەنووکە لە وڵاتی سوید دەژی.

**بەرهەم و چاپکراوەکانی:**

١. لەیادی سەد ساڵەی شارەوانیدا، بە یارمەتی ئەمینداریێتی رۆشنبیری و لاوان لە چاپدراوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی عەلا، هەولێر، ١٩٨٥، قەبارە: (٢٤×١٧) سم، نرخ: (١٥٠٠) فلس.

٢. هەر لەشارەوانیدا، ١٩٩٤ (١٢) ژمارەی رۆژنامەی هەولێری دەرکردووە.

٣. کەلاوە، ریپۆرتاژ، بۆ ئۆردوگاکانی دەڤەری هەولێر، چاپی یەکەم، ١٩٩١.

٤. دیوەخانی فلێن، رۆژانەو ریپۆرتاژ، چاپی یەکەم، ١٩٩٩.

٥. هەولێر... تا دبلن، ریپۆرتاژ، چاپی یەکەمن، بڵاوکراوەکانی رۆژنامەی "ئاڵای ئازادی"، چاپی یەکەم، هەولێر، ١٩٩٦، ٨٨ لاپەرە. چاپی دووەم، بڵاوکراوەکانی گۆڤاری هاڤیبوون٢، زانکۆی ئازادی بەرلین، ٢٠٠٠.

٦. بەغــداد.... بــۆ هەولێــر، ریپۆرتــاژ، چــاپی یەکەم، ســوید و سلێمانی، ۲۰۰۰.
۷. مەملەکەتــی فارگۆنەکــان، ریپۆرتــاژ و رۆژانە، چــاپی یەکەم، ســـــلێمانی، ۲۰۰۰، ۹۰ لاپەرە، چـــــاپی دووەم، بڵاوکراوەکـــــانی دەزگــای چــاپ و بڵاوکــرنەوەی بەدرخــان، چاپخــانەی هاوســەر، هەولێر، ۲۰۰٦، ۲٥٤ لاپەرە، (۲۰×۱٤)سم، نرخ: (۳۰۰۰)دینار.
۸. کاکە ئەبو ئیسماعیل، چاپی یەکەم، سلێمانی، ۲۰۰۱.
۹. گابریــل گارســیا مــارکیز، بەســەرهاتی دەریــاوانێکی خنکــاو، بڵاوکراوەکانی گۆڤاری ئایندە، چاپی یەکەم، سلێمانی، ۲۰۰۱.
۱۰. دە رۆژەکەی هەولێــرم، وتــار و ریپۆرتــاژ، هەولێــر گۆڤــاری گوڵان، ئوستراليا رۆژنامەی کورد، ۲۰۰۱.
۱۱. سیڤییەکان ۱، بڵاوکراوەکانی وەزارەتــی رۆشــنبیری و لاوان، کۆمەڵە دیدارێکە، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتــی رۆشــنبیری، هەولێر، ۲۰۰۲ _ ۲۰۰۹.
۱۲. ســـارد یـــان گەرم، چاپکراوەکـــانی دەزگـــای هەواڵ بـــۆ رۆژنـــامەوانی و راگەیانـــدن، چـــاپی یەکەم، ۲۰۰٥، ۱۰٥ لاپەرە، قەبارە: (۲۲×۱۰.٥)سم.
۱۳. نێلســۆن مانــدێلا، گەشــتە دوورەکەم لە پێنــاوی ئازادیــدا، وەرگێــران، بڵاوکراوەکــانی دەزگــای تــوێژینەوە و بڵاوکــردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ۲۰۰٥، ۲۸٦ لاپەرە.

١٤. مەملەكەتی كەلاوەكان، وتار و پێناسەی بیناسازی كوردییە، كتێبی گیرفان، بڵاوكراوەكانی وەزارەتی رۆشنبیری، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، چاپی یەكەم، هەولێر، ٢٠٠٥، ٢٤ لاپەرە.
١٥. كۆریا: پێناسە و شارەزابوونی وڵات و میللەتی كۆریایە، وەرگێران، بڵاوكراوەكانی دەزگای وەرگێران، چاپی یەكەم، هەولێر، ٢٠٠٧.
١٦. ستیفان بروشفیلد، پول ئا. لیڤین، هۆلۆكۆست: ئاگاداری نەوەكانتانی پێبكەنەوە، وەرگێران لە عەرەبییەوە، بڵاوكراوەكانی سەنتەری لێكۆڵینەوەی فیكری و ئەدەبی نما، چاپی یەكەم، هەولێر، ٢٠٠٧.
١٧. دوو برێنسیسی نازداری بێناز، دیانا و ماساكۆ، وەرگێران و ئامادەكردن، بڵاوكراوەكانی دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس، چاپی یەكەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ١٧٦ لاپەرە.
١٨. مارتن لۆسەر: بەشێكە لە كتێبی ناتوندوتیژی، وەرگێران و ئامادەكردن، بڵاوكراوەكانی سەنتەری مەسەلە، چاپی یەكەم، هەولێر، ٢٠٠٨.
١٩. بیار بیون، بەرەو كۆشكی ئالیزی، شیراك و ساركۆزی و روایال، وەرگێران لە عەرەبییەوە، بڵاوكراوەكانی وەزارەتی رۆشنبیری_ بەرێوەبەرایەتی خانەی وەرگێران، چاپی یەكەم، چاپخانەی روون، سلێمانی، ٢٠٠٨، ٢٤٣ لاپەرە.

٢٠. ٩٥٥ دەقە لەگەڵ شێرکۆ بێکەس، دیمانە، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشک، هەولێر، ٢٠٠٨، ٣٣٣ لاپەرە، چاپی دووەم، بڵاوکراوەکانی جەمال عیرفان، سلێمانی، ٢٠١٥.
٢١. دۆلار لە ئەمریکا، دوو بابەت لەسەر پارە و سەرمایە و بانک لە ئەمریکای نوێدا، ئامادەکردن و وەرگێران، بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٨، ٢٢٣ لاپەرە.
٢٢. کریستۆفا دلوار و کریستۆف دۆبوا، سێکس و پۆلەتیک: دیوێکە لە ژیانی دبلۆماتی فەرەنسای نوێ، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٨، ٢٢٤ لاپەرە.
٢٣. مەجبور گێرانەوەی دوێنێی نزیکە!، بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری_بەرێوەبەرێتیی رۆژنامەنووسی و چاپ بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆمان، سلێمانی، ٢٠٠٨، ١٢٨ لاپەرە، قەبارە: (٢٠.٥×١٤.٥)سم.
٢٤. تەها حوسێن، نابینایەکی بینا، ئامادەکردن، دۆسیەیەک لە گۆڤاری نما، هەولێر، ٢٠٠٨.
٢٥. سارا پالین، ژنێکی دەرچوو لە نەریتەکان/ ژیانی هاووڵاتییەکی ئەمریکاییە، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی

یەکەم، چاپخـــانەی ئـــاراس، هەولێــر، ٢٠٠٨، ٩٥ لاپەرە، قەبــارە: (١٩×١٢.٥)سم.

٢٦. کامیلیـــانە ئەنتفـــایفر دو فرانســـوا نیکۆلـــۆ و منـــی لنـــی، مـــن ڕۆژنامەنووســـم، جاســـووس نـــیم، وەرگێـــران لە عەرەبیـــیەوە، بڵاوکراوەکـــانی وەزارەتـــی ڕۆشـــنبیری_بەڕێوەبەرایەتی خـــانەی وەرگێران، چـاپی یەکەم، چاپخـانەی شـڤان، سـێمانی، ٢٠٠٩، ٢٧١ لاپەرە، قەبارە: (٢٠×١٤)سم، نرخ: (٣٠٠٠)دینار.

٢٧. تـــرێنە خێـــراکەی ڕۆژهەڵات، وەرگێـــران، بڵاوکراوەکـــانی دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخـانەی خـانی (دهۆک)، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٩، ١٣٦ لاپەرە.

٢٨. کـــاکە ئەبـــو خەلیـــل، ســـەربردە و ریپۆرتـــاژ و روداو، لە بڵاوکراوەکانی پاشکۆی رەخنەی چاودێر، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٩، ٢١٦ لاپەرە، قەبارە: (٢٢×١٤.٥)سم، نرخ: (٢٥٠٠)دینار.

٢٩. خـوان ئایریـاس، دانپێـدانانەکانی حـاجی پـاولۆ: دیمـانەیەکە لەگەڵ نووسـەر و فەیلەسوفی بەرازیلی پاولۆ کۆیلۆ، وەرگێران لە عەرەبییەوە، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ئاوێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٩، ٢٧١ لاپەرە.

٣٠. ســـەلام ئەلئیمـــام، مۆســـاد، وەرگێـــران لە عەرەبیـــیەوە، لە بڵاوکراوەکـانی کتێبخـانەی ئـاوێر، چـاپی یەکەم، هەولێـر، ٢٠٠٩، چـــاپی دووەم، هەولێـــر، ٢٠١٠، چـــاپی ســـێیەم، بڵاوکراوەکـــانی کتێبخانەی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکـردنەوە، چاپخـانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٣، ٢٨٨ لاپەرە، نرخ: (٥٠٠٠) دینار.

٣١. سەلام ئەلئیمام، حیکایەتەکانی غەدر و خوێن: بەشێک لە گێرانەوەی تیرۆرە گەورەکانی جیهان، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری_بەرێوەبەرایەتی خانەی وەرگێران، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٩، ٢٨٦ لاپەرە.

٣٢. غەسان شەربل، نهێنییەکانی سندووقە رەشەکە، ئامادەکردن، چاپکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان/ بەرێوەبەرایەتی گشتیی رۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٩، ٩٤ لاپەرە.

٣٣. دەسەڵات و نەخۆشی، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، چاپکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری_خانەی وەرگێران، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٠.

٣٤. میخائیل دارمۆن و ئیێف دیریە، برادەرە جوانەکە ... رەشیدە داتی، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠، ١٣٦ لاپەرە.

٣٥. کارۆلین جیسوب، دەربازبوون، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠، ١٢٠ لاپەرە.

٣٦. سیاسەتی دڵ، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠.

٣٧. گەشتێک بەرەو ئەوروپای نوێ، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠.
٣٨. ئەمال عەویزە، مافیا: دەوڵەتی سامان و خوێن، ئامادەکردن و وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠، ١٥٥ لاپەرە، ، بایی: (٤٠٠٠) دینار، قەبارە: (١٩ × ١٢)سم.
٣٩. جیهان لە دیدی کۆشنێر، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٠.
٤٠. سیڤییەکان ٢، کۆمەڵێک راز و دیمانە، وەرگێران، چاپکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان، چاپی یەکەم، ٢٠١١.
٤١. مهناس کراماشاد، غاندی، چیرۆکی ئەزموونەکانم لەگەڵ حەقیقەتدا، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ئاوێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١. سێ جار چاپ بووە.
٤٢. بیۆگرافیای ئامووس ئۆز، چیرۆکێک لە خۆشەویستی و تاریکی، رۆمان، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ئاوێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١، ٨٠٠ لاپەرە.

٤٣. کـازیوه ژنەکەی نـاو فیسـبوک، نۆڤلێـت، بڵاوکراوەکـانی سـەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما، چاپـی یـەکـەم، چاپخانـەی شـەهاب، هەولێر ٢٠١١.

٤٤. هینینـگ مانکیـل، سـەگەکان لە رێگـا، رۆمـان، وەرگێرانـی لە عەرەبیـیەوە، بڵاوکراوەکـانی کتێبخـانەی ئـاوێر، چـاپی یەکەم، چاپخـانەی رۆژهەڵات، هەولێـر، ٢٠١١، ٣٠٤ لاپەرە، قەبـارە: (١٧×٢٤)سم.

٤٥. ئەستێرە سەرگەردانەکە، رۆمان، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکـانی کتێبخـانەی ئـاوێر، چـاپی یەکەم، چاپخـانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١.

٤٦. عەلـی بەدر، تـووتنەوانەکە: بەسـەرهاتی جـوولەکەیەکی عێـراقییە، رۆمـان، وەرگێرانـی لە عەرەبیـیەوە، بڵاوکراوەکـانی کتێبخـانەی ئـاوێر، چـاپی یەکەم، چاپخـانەی رۆژهەڵات، هەولێـر، ٢٠١١، ٤١٥ لاپەرە، نرخ: (٦٠٠٠) دینار.

٤٧. عەلی بەدر، بابا سارتەر، رۆمان، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکـانی کتێبخـانەی ئـاوێر، چـاپی یەکەم، چاپخـانەی رۆژهەڵات، ٢٠١٢، نرخ: (٦٠٠٠)دینار.

٤٨. بـودوان بـۆلایر و مـارک رۆش، دەسـەڵاتی دوو ژن، وەرگێرانـی لە عەرەبیـیەوە، بڵاوکراوەکـانی دەزگـای چـاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١٢، ١٧٢ لاپەرە، قەبارە: (١٦.٥×٢٣.٥)سم.

٤٩. غـــاردان بەدوای گورگەکانـــدا، رۆمـــان، وەرگێرانـــی لە عەرەبیـــیەوە، بڵاوکراوەکـــانی ناوەنـــدی ئـــاوێر بـــۆ چـــاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢، نرخ: (٦٠٠٠)دینار.

٥٠. چراکانی ئۆرشەلیم، رۆمان، بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٣.

٥١. شۆرشەکانی جیهان، ئامادەکردن، بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بلاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٣.

٥٢. هەولێـــر: ئیـــبن مســـتەوفی، رۆمـــان، بەرگـــی یەکەم، بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی گشتی: یەکێتی نووسەرانی کورد، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٢.

٥٣. هەولێر: سێتاقان، رۆمان، بەرگی دووەم، بڵاوکراوەکانی خانەی ئەربل و چاپخانەی شەهاب، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٣.

٥٤. فیـــۆدۆر دۆستۆیڤســـکی، گـــێلە، رۆمـــان، وەرگێرانـــی لە عەرەبیـــیەوە، بڵاوکراوەکـــانی ناوەنـــدی ئـــاوێر بـــۆ چـــاپ و بلاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٣.

٥٥. زســـتانی خێـــزانەکە، رۆمـــان، وەرگێرانـــی لە عەرەبیـــیەوە، بڵاوکراوەکانی خانەی وەرگێران، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠١٣.

٥٦. کەسایەتییە مەزنەکانی جیهان، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٣.
٥٧. سیڤییەکان ٣، کۆمەڵێک راز و دیمانە، وەرگێران، چاپکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان، چاپی یەکەم، ٢٠١٣.
٥٨. سیڤییەکان ٤، کۆمەڵێک راز و دیمانە، وەرگێران، چاپکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان، چاپی یەکەم، ٢٠١٣.
٥٩. رێنسانسی ئەوروپا، مێژوو، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٣.
٦٠. بۆ ئامێزێکی بۆنی تۆ، رۆمان، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی خانەی وەرگێران، سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٤.
٦١. فەلەکەدین کاکەیی، چرکەساتی حیکمەت، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١٤.
٦٢. فەلەکەدین کاکەیی، حەلاجیات، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، لەسەر ئەرکی زریان کاکەیی چاپی یەکەم، بڵاوکراوەکانی چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٤.

٦٣. هەولێر: تەعجیل، رۆمان، بەرگی سێیەم، لەسەر ئەرکی نووسەر، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠١٤، ٢١٦ لاپەرە، نرخ: (٨٠٠٠)دینار.
٦٤. هەولێر: تەیراوە، رۆمان، بەرگی چوارەم، بە یارمەتی هێرش خۆشناو، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠١٥، ٢١٩ لاپەرە، نرخ: (٥٠٠٠)دینار.
٦٥. هەولێر: چۆمان، رۆمان، بەرگی پێنجەم، لەسەر ئەرکی هێرش خۆشناو، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٥، ٢٢٤ لاپەرە، نرخ: (٦٠٠٠)دینار.
٦٦. گابریل گارسیا مارکیز، دەریاوانە خنکاوەکە، رۆمان، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، چاپی دووەم، بڵاوکراوەکانی دەزگای چینی، هەولێر، ٢٠١٥.
٦٧. هەولێر: سەعدی گچکە، رۆمان، بەرگی شەشەم، لەسەر ئەرکی هێرش خۆشناو، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠١٦، ٢٢٨ لاپەرە، نرخ: (٥٠٠٠)دینار.
٦٨. هەولێر: سەفین، رۆمان، بەرگی حەوتەم، لەسەر ئەرکی هێرش خۆشناو، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠١٦، ٢٣٢لاپەرە، نرخ: (٧٠٠٠)دینار.
٦٩. فەلەکەدین کاکەیی، کودەتای رۆحی، وتاری فەلسەفی، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، لەسەر ئەرکی زریان کاکەیی، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٦، ٢٨٩ لاپەرە، نرخ: (٣٠٠٠)دینار.

٧٠. فەلەکەدین کاکەیی، گوڵەکان بۆ کێ دەپشکوێن، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، چاپی یەکەم، لەسەر ئەرکی زریان کاکەیی چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٦.

٧١. فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی، پەیامەکانی ژێرزەوی، رۆمان، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٦، ٢١٤ لاپەرە، نرخ: (٥٠٠٠)دینار.

٧٢. خافێیەر سێرکاس، سەربازانی سارا مینا، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی دەزگای رۆسا بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٧، ٢٢٢ لاپەرە، نرخ: (٦٠٠٠)دینار.

٧٣. مەلیکە موقەدەم، ژنە یاخیبووەکە، رۆمان، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی دەزگای رۆسا بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٧.

٧٤. هەولێر: قەرەچوغ، رۆمان، بەرگی هەشتەم، لەسەر ئەرکی هێرش خۆشناو: خاوەنی گرووپی کۆمپانیاکانی: (٧٧) چاپکراوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٧، ٢٣٢ لاپەرە، قەبارە: (٢٣ × ١٧)سم.

٧٥. ژنێک پرچم رەش دەکاتەوە، شیعر، چاپخانەی شەهاب هەولێر ٢٠١٧ .

٧٦. ژنە کـــافرەکە، رۆمـــان، وەرگێرانـــی لە عەرەبیـــیەوە، بڵاوکراوەکانی دەزگای مەحمود زامدار بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٧.

٧٧. ئەبەنـووس، رۆمـان، لەسـەر ئەرکـی هـێمن زەنـدی، چـاپی یەکەم، چاپخـانەی رۆژهەلات، هەولێـر، ٢٠١٨، ١٢٧ لاپەرە، نـرخ: (٣٠٠٠) دینار، قەبارە: (١٤×٢١)سم.

٧٨. هەولێـر عەنکـاوە، رۆمـان رۆژهەڵات ٢٠١٨ لەسـەر ئەرکـی بنەمـاڵەی شـەهید سـۆران عەنکـاوەیی چـاپکراوە، ٢١٦ لاپەڕە، قەبارە ٢٣. ١٧ سم.

٧٩. ژن لە ژیـانی کاسـترۆ وەرگێـڕان، ١٢٢ لاپەڕە، ١٣.٢٢سـم، کتێبخانەی مێخەک سۆران ٢٠١٨

٨٠. هەولێـر کـوران زانیـاری، رۆمـان ٢٠١٨، ٢٣.١٧سـم، لەسـەر ئەرکـی د. مـحەمەد عـوزێری چـاپکراوە، هەولێـر چاپخـانەی رۆژهەڵات.

٨١. ژنە خامۆشـەکە، نووسـینی مەلـیکە مەقەدەم، وەرگێـڕان، رۆمان، سۆران مێخەک ٢٠١٨. ١٣٨لاپەڕە.

٨٢. کلاشینکۆف، رۆمان، بەهاوبەشی لەگەڵ د. محەمەد عوزێری نووسراوە. هەولێر ٢٠١٨ . ٢٠٠ لاپەڕە ١٤.٢١سم.